ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٦٢ ▌ پێنج شەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ _ ٢١ی نوامبری ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا


**یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ زامنی سەرکەوتنمان**

## کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ خەڵکی ئێران و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەوان بە بەردەنگ وەربگرێ، نەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی



## «دەبێ بشکێ بەزۆر دەرکی قەڵایە...»

عەلی بداغی

خۆپیشاندان و سەرهەڵدانەکان لە ئێران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە گران کردنی نرخی بێنزین هەموو پارێزگاکانی وڵات و زیاتر لە ١٣٠ شاری گرتوتەوە و، تا ئێستا پتر لە ٢٠٠ کوژراو و چەند ئەوەندەش برینداری لێ کەوتوتەوە. پێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی پێشوو کە باڵێک لە دەسەڵات سەرهەڵدانەکانی بە توندی سەرکوت دەکرد و لایەکەی دی هەوڵی دەدا خۆی لە بەرەی خەڵک بخزێنێ، ئەمجارەیان هەر سێ دەسەڵاتەکە و هەر دوو باڵە سەرەکییەکەی ڕێژیم بە پشتقایمیی تەواویان بە ئەمر و فەرمانی خامنەیی لە مەیداندان، بۆوەی پێکەوە خوێنی خەڵکی برێژن و چەندی بۆیان دەکرێ بە پاشەکشە کردن بە خەڵک ڕێژیمەکەیان لەو تەنگانەیەش ڕزگار بکەن.

بارودۆخەکە لە ناوچەش لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە. لە عێراق ناڕەزایەتییەکان بە گەندەڵی و بێکاری و لە تەنیشت ئەوانەشدا هەڵکوتانە سەر حەشدی شەعبی و دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە بەردەوامە. لە ناڕەزایەتییەکانی لوبنانیشدا نووکەڕمبەکە ڕووی لە حیزبوڵلا و ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامییە. بەوەش وێدەچێ «میحوەری مقاومەت»ەکەی ڕێژیم تووشی ئاستەنگی قووڵ بووبێتەوە. بۆیەش لە ئەگەری بەردەوامیی سەرهەڵدانەکان لەم سێ وڵاتە دوور نییە ئەم مێحوەرە بە هەموو هێز و توانایەوە لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی گشتیی خەڵکدا بەچۆکدا بێ.

پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەلایەک بە بردنەسەرێی بڕی پاشکەوتی ئاوە قورسەکانی هەنگاوێکی دیکەش لە ڕێککەوتنی بەرجام کشاوەتەوە و لەو سۆنگەیەوە گوشارێکی پتری نێودەوڵەتیی بەرەوڕووی خۆی کردۆتەوە؛

درێژە بۆ لاپەڕە ٢

## حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# با هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی سزایان بخرێتە سەر



حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی، بەتایبەت وڵاتانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا دەکا هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی بخرێتە سەر و سزا بدرێ.

عومەر باڵەکی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستان» ڕایگەیاند هێزە ئینتیزامییەکان دەستی باڵایان لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ئێران و کوردستاندا بووە و تا ئێستا نیزیک بە ٢٠٠ کەسیان کوشتوە و چەند هێندەی ئەوەندەش بریندارن. هەروەها بە هاوکاریی هێزە ئینتیزامییەکان ئینتێرنێت و پێوەندییەکانی خەڵک لەگەڵ دەرەوەی ئێران پچڕاوە و ئەوەش وایکردوە هێزە ئینتیزامییەکان دەستئاوەڵاتر خەڵک سەرکوت بکەن.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی کاریگەریی وەها بڕیارێک ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بەنیسبەت کاردانەوەیەکی ئاوا بێتەفاوت بێ و ئەگەر هێزە ئینتیزامییەکان گەمارۆیان بخرێتە سەر، بازنەی چالاکییەکانی ئەم هێزە و ڕێژیمیش بەرتەسکتر دەبێتەوە.



کاربەدەستان، ئامارێکی ورد و دروست لە ژمارەی شەهید و برینداربووەکان لەبەر دەستدا نییە.

## لانیکەم ٢٠ کەس لە کوردستان کوژراون

لانیکەم ٢٠ کەس لە کوردستان لە ڕەوتی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون. خۆپیشاندانەکان لە کوردستان لە شارەکانی مەریوان، جوانڕۆ، بۆکان و کرماشان کوژراوی و برینداری زۆر لێ کەوتەوە.

پاش پەرەسەندنی ناڕەزایەتی لە شارەکانی کوردستان، ڕێژیم حکوومەتی نیزامی ڕاگەیاندوە و هەموو هێڵەکانی پێوەندی و ئێنتێرنێتی پچڕاندوە، هەروەها هێزە چەکدارەکان لە گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکانی شارەکانی کوردستاندا جێگیر کراون و بە وردی هاتوچۆ و جموجۆڵی خەڵکیان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەشێکی زۆر لە بریندارانی خۆپیشاندانەکان لە ترسی دەسبەسەرکران لە چوونە نەخۆشخانە خۆیان بواردوە و لە ماڵاندا چارەسەر دەکرێن، بەوەش مەترسیی گیانی لەسەر هێندێک لەوان جیدییە.

بەپێی بینینی شایەتحاڵەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لانیکەم ٢٠ کەس کوژراون و تا ئێستا ناونیشانی ١٥ کەس لەوان پشتڕاست کراوەتەوە؛ بەڵام بەهۆی پچڕانی ئینتێرنێت و کەشی ئەمنیەتیی زاڵکراو بە سەر کوردستان و سانسۆڕی توندی

کوردستان
ژمارە ٧٦٢
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ _ ٢١ی نوامبری ٢٠١٩

درێژەی سەروتار

## «دەبێ بشکێ بەزۆر دەرکی قەڵایە...»

... یان لە کاتێکدا بەهۆی ئیمزا نەکردنی FATF هیندەی دیکەی کێشە لەخۆی هاڵاندوە؛ چی وایکرد نرخی بێنزین _وەک کاڵایەکی سەرەکیی شوێندانەر لەسەر نرخی زۆربەی زۆری کاڵاکانی دی_ نەک دوو هیندە، بگرە سێ هیندە بباتە سەرێ؟ بێگومان دەستەوەستانی و هەرەسهێنانی لەڕووی داراییەوە کە ئاکامی گەمارۆ و گوشارە قورسەکانی ئەمریکایە لە دژی.

بەڵام لەوبەر، دەردی خەڵک هەر گران کردنی نرخی بێنزین نییە، بەڵکوو وەزاڵەهاتنە لە ڕێژیمێک کە ئەوەی لێیان دیتوە هەر قەیرانە و بەشمەینەتی. ئەو هاتنە سەر شەقامە هاوار کردنی ئازادییەکانیانە کە خنکاندوویانە، بانگی ئەو مافانەیە لێیان زەوت کراوە و نارەزایەتی بە دزی و گەندەڵییەکانی ڕێژیم و سیاسەت قەیرانخوڵقێنیانە لە ناوچەکەدا، کە ئاکامەکەی بۆ خەڵک بریتییە لە هەژاری، بێکاری، گرانی، بێدەرەتانی و دەیان قەیرانی کۆمەڵایەتیی تر. خەڵکێک کە کەرامەت و بەهاکانی پێخوست کراوە و کاتێک کە دەنگ هەڵدەبرێ، بە تێکدەر و ئاژاوەچی ناوی دەبرێ. خەڵکێک کە چیدی نایانەوێ تاوانی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهاندا ئەوان بیدەن، ئەو خەڵکەی نایانەوێ تێچووی پشتیوانیی ڕێژیم لە تێرۆریزم و ئاژاوەگێڕییەکانی لەسەر حسێبی ماڵ و گیرفانی ئەوان بێ، ئەو خەڵکەی پشووسوار لە گەندەڵیی سیستماتیکی دەسەڵاتی سیاسی و تاڵانوبڕۆکان کە ئیدی گەیوەتە ئێسکی و؛ دەپرسێ بۆچی دەبێ قەرەبووکردنەوەی کورتیهێنانی بودجە _ ڕووحانی گوتەنی ٤٥٠ هەزار میلیارد تمەن_ و بەرنامە نیزامی و ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم لە ئەستۆی ئەوان (خەڵک) بێ. بۆیە وێدەچێ سروشتی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لەگەڵ نارەزایەتییە سەراسەرییەکانی بەفرانباری ٩٦ دوور و لێکجیاواز بن و، خەڵک بەمزووانە شەقامەکان چۆڵ نەکەن. بێهۆ نییە کە ڕێژیم قوتابخانەکانی داخستوە، کێبرکێ وەرزشییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە، ئینتێرنێتی لە خەڵکی گرتۆتەوە؛ بەڵام شەقامەکانی پڕ کردوە لە هێزی پۆشتە و تەیار بۆ سەرکوت.

سەرکوتی ئەمجارەی نارەزایەتییەکان بەئاشکرا تەعبیر لە ترس و نیگەرانیی قووڵی حکوومەت دەکەن، ترس لەوەی کار لە گرێژنە بترازێ و چیدی نەتوانن بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بن؛ لەوەشدا ورد و درشتی دەسەڵات کەوتوونەتە یەک بەرە و هەر هەموو حاکمییەت (خامنەیی، سپا، دەوڵەت، هێزە چەکدارەکان، دەزگای قەزایی، شووڕای بەرزی ئەمنیەتی میللی و...) لەسەر قەڵاچۆکردنی خەڵکی هاوڕان. بەوەش دەردەکەوێ کە نەک لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ئەمنیەتییەکان و لەسەر مانەوەی ڕێژیم، بەڵکوو لە سەرکوتی سەرەتاییترین مافی ئینسانی خەڵکی ئێران وەک دابینکردنی نان و بژیویشدا؛ هیچ تۆفیرێک لەنێوان ئوسولگەرا و ڕیفۆرمخوازدا ناکرێ و «پەشێو» گوتەنی «... ئەوان هەر دووک دەمی تیژی یەک مقەستن...»

لە کوردستان بەڵام دۆخەکە جۆرێکی ترە. ئەگەر دوو مانگ لەوە پێش جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتێری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاندبوو کە پتر لە نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا کوردن و نیزیک بە تەواوی ئیعدامە سیاسییەکان لە کورد دەکرێن؛ لەم ڕۆژانەشدا و لە خۆپیشاندانەکاندا بینیمان کە زۆرترین تاوانەکان لە کوشتن و سەرکوت و گرتنەکان لە کوردستان کران. بەوەش دەردەکەوێ کە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە کوردستان هەمیشە ناوچەیەکی جیاوازە و ترسی ڕێژیم لە جموجۆڵە سیاسی و نارەزایەتییەکانی خەڵک لە کوردستان پتر لە هەموو جێیەکی ئێرانە؛ هەروەها دەستی خۆی ئاوەڵا دەبینێ بۆ توندترین سەرکوت و خوێنڕشتن، وەک لە هەموو ماوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیدا لە کوردستان کردوویەتی. ئەمەش بێهۆ نییە. ڕێژیم زۆر باش بزووتنەوەی کورد و خەباتە حەقویستانەکەی دەناسێ و دەزانێ بەو پاشخانە دەوڵەمەندەی کوردستان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم و خەباتی شوناسخوازی و مافویستی هەیەتی؛ لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا پێشەنگ دەبێ و دەتوانێ ڕۆڵی کارا لە هاوکێشەکاندا ببینێ.

بەڵام دووره دیمەنی ئەم ڕووداوانە چین؟ لەمێژە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاندوە ئەم ڕێژیمە نە ڕەواییەتی خەڵکی هەیە و نە پێچەوانەی ئەوەی دەنوێنێ سەقامگیریی نێوخۆیی، بەڵکوو تەنیا بەهۆی دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینە هەتا ئێرەی هێناوە. بۆیە لە ئێستادا داکۆکی لە خەڵکی ئێران ئەرکی سەرشانی هەموو وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هاوبەشێکی جێی متمانە بۆ وڵاتان بێ و، بەرگری لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران گرێدراوی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و هەموو ئەو بەها و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرانەیە کە وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا و لایەنە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دانیان پێدا ناوە و؛ ناکرێ لە هەمبەر ئەو بارودۆخەدا بێدەنگ و بێهەڵوێست بن. ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێ پێویستە لە ئۆرگانیزمە جیهانییەکانی وەک شووڕای ئەمنییەتدا بێتە بەرباس و ئیزن و دەرفەتی ئەوە بە کۆماری ئیسلامی نەدرێ ئاوا بێترس و مەحابا خەڵکی وەزاڵەهاتوو و مافخوراوی ئێران خەڵتانی خوێن بکا.

فازی نوێی مافخوازیی خەڵکی ئێران لە ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەرەوە دەستی پێکردوە. ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتە و بارودۆخەکە ناکرێ بۆ پێش ئەم ڕێکەوتە بگەڕێنەوە، بۆیە هاوکات لەگەڵ گوشاری نێودەوڵەتی، ئەوەی لە هەموو کاتێک پێویست دەنوێنێ ئینسجامی سیاسیی هێز و لایەنەکانە بۆوەی بتوانن فۆڕمێک لە ڕێبەری کردنی نارەزایەتییەکان دروست بکەن و کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بگرنە دەست.

# بەیاننامە بەبۆنەی پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**هێز و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران!**
**ئەندامان، دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بەخۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ (١٠ و ١١ی نوامبری ٢٠١٩)، حەڤدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، "کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات" سەرجەم ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی جێبەجێ کرد و کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆنگرەی حەڤدەیەم لەژێر دروشمی "یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دوارۆژ، زامنی سەرکەوتنمان" و، بە سروودی نەتەوەیی"ئەی ڕەقیب" و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان بەتایبەتی شەهیدانی نێوان دوو کۆنگرەی ١٦ و ١٧ کارەکانی خۆی دەست پێکرد. پۆستێری شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات، کە ئەم کۆنگرەیە بە ناوی ئەوانەوە کرابوو، وێڕای چەندین دروشمی نیشاندەری ئامانجەکان و سیاسەتە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵۆنی شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیان ڕازاندبۆوە. ئەگەرچی شەهیدانی نێوان ئەم کۆنگرەیە و کۆنگرەی شازدەیەم بە تایبەتی شەش ژن و پیاوی شەهیدی ئەندامی ڕێبەریی حیزب جێگایان لەم کۆنگرەیەدا خاڵی بوو، بەڵام یادی ئەوان و ئیرادە و بڕوای پتەوی بەشداران بە درێژەدانی ڕێگاکەیان، باڵی بەسەر فەزای کۆنگرەدا کێشابوو و، هاندەر و ڕێنوێنی سەرجەم ئەندامان لە سەرخستنی کار و ئەرکەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بوو.

کۆنگرەی حەڤدەیەم بە وتاری یەکێک لە بەڕابردووترین ئەندامانی حیزب، هاوڕێی بەڕێز مستەفا شەڵماشی کرایەوە. بەڕێز شەڵماشی وێڕای ئاماژە بە هەستیاریی سیاسی و خەباتگێڕیی ئەو بارودۆخەی کۆنگرەی حەڤدەیەمی تێدا پێک هاتوە، ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی خۆی بۆ هەرچی باشتر جێبەجێبوونی چاوەڕوانیی ئەندامان، دۆستان و هەموو دڵسۆزانی دێموکرات لەم کۆنگرەیە، خستە ڕوو.

بەدوای کرانەوەی بەڕەسمیی کۆنگرە، ڕاپۆرتی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەیەم لەلایەن بەرپرسی ئەم کومیتەیە پێشکەش بە کۆنگرە کرا. ڕاپۆرتەکە وێڕای زانیاری لە بارەی چەند و چۆنیی کۆنفرانسی کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە و، ڕێژەی ئەندامان و ڕادەی نوێنەرانیان، مێکانیزمەکانی دابینکردنی حزووری نوێنەرانی جۆراوجۆرییەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبیشی ئاماژە پێ کردبوو. بە دوای قسە لەسەر کران و پەسەندکرانی ڕاپۆرتەکە، دەستەی بەڕێوەبەریی ئەم بڕگەیە لە کاری کۆنگرە، مەشرووعیەتی کۆنگرەی خستە بەر دەنگی ئەندامانی، کە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

پێشکەش کرانی هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەڤدەیەم لە لایەن هاوڕێی تێکۆشەر مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزب، بڕگەیەکی دیکە لە کاری کۆنگرە بوو. ئەم ڕاپۆرتە دوای چاوخشاندنێک بەسەر هەلومەرجی نێونەتەوەیی و شوێندانانی لەسەر پرسی ئێران و، ئاماژە بۆ جۆر و تایبەتمەندیی ململانێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چەندین پرسی گرنگی دیکەی لەخۆ گرتبوو کە هێندێکیان بریتی بوون لە: ئێران، بەرجام و کۆمەڵگەی جیهانی، ڕەوشی ئابووریی ئێران، کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان، کۆماری ئیسلامی و پرسی مافی مرۆڤ، هەروەها پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان. ڕاپۆرتی سیاسیی پێشکەشکراو لە لایەن سکرتێری گشتی، لە باسی ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، تیشکی خستبووە سەر ئامانج و هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزب، گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری، چالاکیی پێشمەرگانە و خەباتی چەکداری، کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵێک بابەتی گرنگی دیکە بۆ وێنە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی ڕاپۆرتی ئەمجارەی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە، چالاکیی ئۆرگانیزمی حیزب لە نێوان کۆنگرەی ١٦ بۆ ١٧ بوو کە وێڕای قامک دانان لەسەر تێکۆشانی دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانەی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، ڕاسپاردە و ڕێنوێنی بۆ نەهێشتنی لاوازییەکانیشی لە بواری جۆراوجۆردا گرتبووە خۆی. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، کەوتە بەر باس و هەڵسەنگاندنێکی زیندوو و، بە ڕا و سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی بەشداران دەوڵەمەند کرا. ئەم ڕاپۆرتە، دوای پێشکەشکرانی ڕوونکردنەوەی پێویست لە لایەن بەرپرسانی پێوەندیدار و بە تایبەتی سکرتێری گشتی و، بەرعۆدەبوون بە گونجاندنی تێبینییەکان، لە لایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

کۆنگرەی حەڤدەیەم لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی یەکەم ڕۆژی کاری خۆیدا، گەڵاڵەیەکی تایبەت بە مودیرییەتی حیزب و هەڵبژاردنی ڕێبەریی، خستە بەر باس کە پێشتر لە لایەن هەیئەتێکی ڕاسپێردراوی کومیتەی ناوەندی ئامادە کرابوو. ئەم گەڵاڵەیەش باسێکی زیندوو و بیروڕاگۆڕینەوەیەکی چالاکانە لە بارەی جۆری هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی ڕێبەری و، لایەنە لاوازەکانی بەڕێوەبەری لە حیزبدا، لێ کەوتەوە. کۆنگرە سەرەنجام دوای ئاڵوگۆڕ و دەسکاریی پێویست و ڕەتکردنەوەی بەشێکی، گەڵاڵەکەی پەسەند کرد.

کۆنگرە لە دەسپێکی ڕۆژی دووهەمی کاری خۆیدا، "گەڵاڵەی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان"کە پێشتر ئامادە کرابوو، خستە بەر باس و پەسەندی کرد. ئەم گەڵاڵەیە بەرچاوڕوونی لە بارەی ئاقارە سیاسی و خەباتگێڕی و ڕێکخراوەییەکانی لەمەو دوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی گرتووەتە خۆی. "ڕوانین و هەڵوێستمان لە بارەی کۆمەڵێک پرسی گشتیی جیهان، ئێران و کوردستان"، "گوتاری سیاسیی حیزب"، " حیزب و کۆمەڵگە" و، "مامەڵەمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە"، لە بەشەکان و سەرباسەکانی ئەم دۆکیۆمێنتە پەسەندکراوەی کۆنگرەی حەڤدەیەم کە هەر کامێکیان چەند تەوەر لەخۆ دەگرن. "بابەتە تەشکیلاتییەکان و هێندێک بواری تێکۆشانی حیزب" سەرباسێکی دیکەی ئەم بڕیارنامەیەیە کە بڕیار و ڕاسپاردەی ڕاشکاو لە بارەی چەندین پرس و دیاردە و کێشە و بابەتی تەشکیلاتی و نێوخۆیی لەخۆ گرتووە و، ڕێبەری و سەرجەم ئۆرگانیزمی حیزبی بۆ جێبەجێکردن و ڕەچاوکردن و پێبەندبوونیان ئەرکدار کردوە .

کۆنگرەی حەڤدەیەم لە درێژەی کارەکانی ڕۆژی دووهەمی خۆیدا، چەند ئاڵوگۆڕێکی وردی لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆدا پەسەند کرد. دواتر گوێی بۆ ڕاپۆرتی "کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ" ڕاگرت و دەرفەتی پێویستی بە بەشدارانی کۆنگرە دا تا ڕەخنە و پێشنیاری خۆیان پێشکەش بکەن.

لە ئاکامی باس و موناقشەیەکی گەرم و زیندوودا، کۆنگرە لەسەر جێگە و پێگەی ئەم ئۆرگانە لە پارێزگاری لە ئوسوولی حیزبی و پاراستنی مافەکانی ئەندامان و برەوپێدانی هەرچی زیاتری ڕێوشوێنەکانی پێڕەوی نێوخۆ لە ژیانی حیزبی و تێکۆشانی ڕۆژانەدا تەئکیدی کردەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی پەیامەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەم، کە لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەدا پێشکەش کرا، دەیان پەیام لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ کۆنگرە ناردرابوون. ناوی ئەو لایەنانە لە کۆنگرەدا خوێندرایەوە و لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە بەڕێزەوە پێشوازییان لێ کرا. کۆمیسیۆنی پەیامەکان، کۆمەڵێک پەیامیشی بەناوی کۆنگرەوە بۆ بەردەنگی جیاواز ئامادە کردبوون کە کۆنگرە ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ نێوەرۆکیان دەربڕی.

دوایین بەشی کاری کۆنگرە، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی لە ڕەوتی ڕقابەتێکی دێموکراتیکدا بە بەشداریی دەیان کاندیدا بوو. هاتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان بۆ نێو ڕێبەریی حیزب، یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی ڕێبەریی حیزب بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی تێگەیشتن و ڕوانینی ئەندامانی کۆنگرە. هەر دوابەدوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن، کومیتەی ناوەندی پێش بڵاوەکردنی کۆنگرە، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا و، هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی، وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژارد. سکرتێری گشتیی پێشوو، هاوڕێی بەڕێز مستەفا مەولوودی وێڕای ڕاگەیاندنی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆنگرە و پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی نوێ، لە وتارێکدا بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرە ڕێز و پێزانینی خۆی و ڕێبەریی حیزبی بەو بەڕێزانە ڕاگەیاند کە بەوپەڕی دلسۆزی و ماندوویی نەناسی بۆ بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ئەم کۆنگرەیە، ئەرکیان گرتبووە ئەستۆ. دواتر سکرتێری گشتیی نوێ بەڕێز خالید عەزیزی، وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا وێڕای ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و زەحمەتەکانی سکرتێری پێشوو، گرنگیی پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەم لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستایدا دەستنیشان کردبوو.

بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکەی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو مەترسییە ئەمنیەتییانەی لەسەری بوون، لەو هەواڵ و پەیامانەن کە دڵی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی شاد دەکەن. کومیتەی ناوەندی بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان، دۆستان، هۆگران و پشتیوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا و ڕادەگەیەنێ کە لەژێر ڕێنوێنیی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەم و بە ئیلهام وەرگرتن لە ناوی کۆنگرە، درێژەدەری ڕێگای خەبات و تێکۆشانی شەهیدان دەبێ. بۆ ئەوەش بە دەروەستی و جیدییەتەوە کار بۆ یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزب بە لەبەرچاو گرتن و خوێندنەوەی هەموو توانا و زەرفییەتەکانی نێو حیزب، ئەولەویەت دان بە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بەکار بردنی هەموو بەستێنەکانی خەبات لەپێناو خەباتێکی قورس و قایمی نەتەوایەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و، بەرنامەڕێژیی ژیرانە و ئەمرۆیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیناریۆ و پێشهاتەکانی لەمەو دوای ئێران و ناوچە دەکا.

**کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٨**
**٢٠١٩/١١/١٣**

کوردستان
● ژمارە: ٧٦٢
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ _ ٢١ نوامبری ٢٠١٩



ڕزگار ئەمین‌نژاد

# بەرگژەکانی بەردەم بەستنی کۆنگرە




ئەگەر ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا توێژەرانی سیاسی و مێژوو، بیانهەوێ خوێندنەوەیەکی ئۆبژەکتیڤ و بەڵگەمەند بۆ دۆخی کورد لە ئێران بکەن، ناتوانن چاوپۆشی لە کارکرد و مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن. ئەم حیزبە چ لە قۆناغی چالاکیدا و چ لە کاتی لاوازیدا، بە کارە چاکەکانییەوە و بە هەڵە تێبینیدارەکانیەوە، بە زۆربوون و کەمبوونی هەژماری ئەندامە چالاکەکانیشیەوە بەردەوام بەشێکی گرنگ بووە لە سامانی سیاسیی کورد لە ئێراندا. بێگومان هیچ حیزبێکی سیاسی لە کۆمەڵگەی خۆیدا و لە ویژدانی نەتەوەییدا بەردەوام و کارتێکەر نابێ ئەگەر کۆمەڵگە وەک زەروورەتێکی مێژوویی قبووڵی نەکا و وەک حەقیقەتێکی سیاسیی سەیری نەکا. ئەو فاکتانەی کە حیزبێکی سیاسی وەک زەروورەتی مێژوویی دەسەلمێنن، بەشێکن لەو داوا و پوتانسیڵە کۆمەڵایەتییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە سەرکوت کراون و حیزب و نوخبەی سیاسی لە قۆناغێکی هەستیار و لە هەمان کاتدا لە بەستێنێکی عەینیدا بەرجەستەیان دەکاتەوە و ڕێکخستنیان بۆ دەکا، بەڵام کاتێ باس لە حەقیقەتی سیاسی دەکەین، لە ڕاستیدا باس لە کۆمەڵێ نۆرم و بەهای سیاسی دەکەین کە لە ئەجندای حیزبێکی سیاسیدا هاتووە و حیزب هەوڵ بۆ ڕێکخستن و وەدیهێنانی دەدا.

کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ دەستی پێکرد و بەپێی بەرنامەی کۆنگرە، ئەرکەکانی خۆی لە ماوەی دوو ڕۆژدا و لە دۆخێکی هەستیاردا جێبەجێ کرد و، شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی خەزەڵوەر، سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات. هەڵبەت ئەو کەسانەی کە ئاشنا بە مێژووی حیزبی دێموکراتن، ئاگادارن کە کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی ئەو حیزبەیە و سروشتییە کە بەستنی کۆنگرە لە بەرنامە و کاری ئەو حیزبەدا گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە کۆنگرە نمادی دێموکراسی دەروون‌حیزبی و هەروەها دەرفەتی دارشتنەوەی سیاسەتی حیزبە و هەر ئەمەش وا دەکا کە ئەندامانی حیزب بەتایبەتی و چاودێرانی سیاسی بەگشتی، بە حەساسییەتەوە بەدواداچوون بۆ پرسی بەستنی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات بکەن. بەڵام سەرەڕای تایبەتمەندبوون و زەرووری بوونی کۆنگرە، کۆمەڵێ فاکتۆری دیکەش هەن کە زۆر جیدین و لە هێندێ قۆناغدا دەتوانن بەرگژێکی (چالش) ڕەژد بن لەبەردەم بەستنی کۆنگرەکانی حیزبدا. یەکێک لەو فاکتۆرە بەرگژاوییانە دیاردەی «ئەمنیەتە» کە حیزبێکی سیاسی ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکا. ئەگەر دێموکراسی پرەنسیپێکی سیاسیی بێ، ئەوا پرسی ئەمنیەت فەزیلەتێکی ئەخلاقییە و بێگومان بۆ حیزبێکی سیاسی، هەڵبژاردن لە نێوان پرەنسیپی سیاسی و فەزیلەتی ئەخلاقی کارێکی هاسان نییە. کاتێ ئاوڕ لە مێژووی سەد ساڵەی ئێران، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها بەشێکی زۆر لە مێژووی جیهان بدەینەوە، دەبینین کە حکوومەت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە بەردەوامی لەبەردەم وەها بژارێکی بەرگژاویدا (چالشی) ڕاوەستاون و لە ئەنجامدا زۆر جار دێموکراسییان فیدای ئەمنیەت کردوە. ڕەنگە ئەم کارە پاساوێکی ئەخلاقی هەبێ، چونکە نرخی گیان و کەرامەتی مرۆڤ لە گشت نۆرم و بەهاکانی دیکە بەرزترە. بەڵام هەڵبژاردن لە نێوان پرەنسیبی سیاسی و فەزیلەتی ئەخلاقیدا هەمیشە بە ئاقارێکی مەشرووعدا تێنەپەڕیوە و بەڵکوو زۆر جار پێداگری کردن لەسەر پرسی «ئەمنیەت» لە مێژووی سەد ساڵەی ئێران و ناوچەکەدا بۆتە هۆی پشتگوێ خستنی دێموکراسی. مەبەست لە ڕووکردی نامەشرووع لە ڕاستیدا سازوکارێکی سیاسییە کە هەوڵ بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات یاخۆ فەلەج کردنی دێموکراسی دەدا و، لە وەها دۆخێکدا پرسی ئەمنیەت زێدەتر لە واقعی عەینی بەرجەستە دەکرێتەوە و لە ئەنجامدا پاراستنی ئەمنیەت دەکەن بە ئەولەویەتی سیاسی. نۆرمالیزە کردنی وەها هەڵوێستێکی سیاسی، واتە فەرزکردنی ئەمنیەت بەسەر دێموکراسیدا، لەم سەد ساڵەی ڕابوردوودا هەمیشە وەک شمشێری داموکلێس بەسەر دێموکراسییەوە بووە و لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە و لە زۆر کاتدا دێموکراسی لە بە پێی پاراستنی ئەمنیەتدا قوربانی کراوە.

بە چاو خشاندنێک بەسەر مێژووی بەستنی گشت کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، دەبینین کە ئەو حیزبە هەمیشە لەبەردەم وەها بژارێکی بەرگژاویدا ڕاوەستاوە، بەڵام لە هیچ کام لەو قۆناغانەدا حیزبی دێموکرات ملکەچی ئەولەویەتسازییەکی پیلانگێرایانە (توطئەگەرا) و نامەشرووع نەبووە و لە ئەنجامدا دێموکراسی قەت فیدای ئەمنیەت نەکراوە، بەڵکوو ئەمنیەت لە گشت قۆناغەکاندا لە خزمەتی پاراستنی دێموکراسیی دەروون حیزبیدا بووە. بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دوابەدوای ڕووداوی دڵهەژێنی ١٧ی خەرمانان و لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا کە ئەمڕۆکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینین و بە سەرنجدان بە مانۆڕی نیزامی و سیخوڕیی ڕێژیمی ئێران کە هۆکاری سەرەکیی نائەمنی ناوچەکەیە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە نرخی پاراستنی دێموکراسیی دەروون حیزبی بەلای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نە ڕێکلامی سیاسییە و نە پرۆپاگەندەیەکی وەهمییە، بەڵکوو دێموکراسی لای ئەندامانی ئەو حیزبە قاعیدەی خەباتێکی شێلگیرە بۆ وەدیهێنانی داوای ڕەوای کورد لە ئێران و، هەروەها دێموکراسی سەرەکیترین گەرەنتیشە بۆ پاراستنی کەرامەتی سیاسیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەرپرسیارەتی ئەخلاقی لە هەمبەر پاراستن و پەرەسەندنی دێموکراسی لە نێو حیزبێکی سیاسیدا ئەگەرچی پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ناکۆکی و ڕووداوە نەخوازراوەکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەستێنێکی کردەوەیی و کولتوورییە بۆ تەعامول کردن لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی کە ڕەنگە بە دڵی زۆر یەک لە ئەندامانی حیزب نەبن. کەوایە یەکێک لە هێما بەرزەکانی سەرکەوتنی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێمۆکرات، سەرەڕای هەڕەشەکانی ڕێژیم و نا هاوسەنگیی هێز، ئەوەیە کە ئەم جارەش «دێموکراسی» فیدای «ئەمنیەت» نەکراو و ئەو حیزبە جارێکی دیکە کەرامەتی سیاسیی بۆ ئەندامەکانی گەڕاندەوە.

***

## کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ تاوتوێی نارەزایەتییە گشتییەکانی کوردستان



ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ی خەزەڵوەر لە بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەرپرسانی یەکەمی هێزەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ تاوتوێی بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان بەڕێوەچوو. لەو دانیشتنەدا بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی لە نارەزایەتی و ئیعتیرازی ڕەوای خەڵک و یەکدەنگ بوونیان کرایەوە، سیاسەتی سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم کرا و بە تایبەتی سەرکوت و کوشتاری بەرین لە کوردستان ئاماژەی پێدرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا ناوەندی هاوکاری هاتنە مەیدان و خۆڕاگری و بوێریی خەڵکی بەرز نرخاند و جەختی کردەوە کە خۆپیشاندانی مەدەنی مافی جەماوەرە و ڕاکێشانی بەرەو توندوتیژی ڕێک لە ئەستۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییە. هەروەها هەموو لایەک لە ئێستادا لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە هاودەنگ بوون:

یەکەم، ناوەند ڕوو دەکاتە هەموو ڕێکخراو و ناوەندە نێونەتەوەییەکان بۆ گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە نارەزایەتی و داوا ڕەواکانی خەڵکی ئێران و کوردستان، بە تایبەتی کۆتایی هێنان بە سیاسەتی کوشتار و میلیتاریزە کردنی شارەکانی کوردستان. هەروەها تەئکید کراوە کە ناوەند لەو هەلومەرجەدا هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بزووتنەوە ئیعتیرازییەکانی ئێران بە پێویست دەزانێ و چاوەڕوانی پشتیوانی و هاوئاهەنگییە لەگەڵیان.

دووهەم، داوا لە هەموو کوردانی هەندەران کراوە کە بە خۆپیشاندان و گردبوونەوەی جەماوەری، پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. بە تایبەتی ڕوو کراوەتە تێکۆشەران و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی لە تاراوگە کە بەو پەڕی توانیان وەگەڕ بکەون. داوا لە هێز و چالاکوانانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کراوە کە لەو هەلومەرجەدا پشتیوانی دۆزی ڕەوا و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. هەروەها داوا لە ڕێکخراو و ئەندامانی چوار حیزبەکەی ناوەند کراوە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر و باقیی لایەنە سیاسییەکانی دیکە ڕۆژی شەممە ٢٣ی مانگی نوامبر ڕێپێوان و ئیعتیرازی سەراسەری، لە دەرەوەی وڵات ڕێک بخەن.

سێیەم، داوا لە چالاکانی نێوخۆی کوردستان کراوە کە چۆن بۆیان بگونجێ بەوشیاری، نارەزایەتییەکانیان درێژە پێبدەن و تێبکۆشن کە پیلانەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

## شانازی بە ڕابردوو و هیوا بە داهاتوو

شاهۆ مەتین



حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتێکدا حەڤدەیەمین کۆنگرەی خۆی لەژێر دروشمی (یەکڕیزی، تێکۆشان و هیوا، زامنی سەرکەوتنی دواڕۆژمانن) گرت، کە ناوچەکە و جیهان بەرەو خوێندنەوەیەکی تر لە ڕووی پەرژەوەندییە نەتەوەیی و نێوخۆیی و ناوچەییەکان دەڕوا.

پاش کۆتایی هاتنی ڕێکخراوێکی ڤێندەمێتالیست و تێرۆریستیی داعش لە ڕووی پراکتیکەوە و، لە مەیداندا بوونی دوو زلهێزی نێودەوڵەتی وەک ئامریکا و ڕووسیە و جارێکی تر دروست کردنی بلووکبەندیی نوێ بۆ دابەشکردنی وڵاتانی ناوچە بەسەر ئەم دوو زلهێزەدا، کوردستانیش وەک ناوەندی ئەم وەبەریەککەوتنە ژێئۆکالچێر و ژێئۆپۆلیتیکە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە و، هاوکات بەهۆی بوونی سەرچاوەی بەهێزی مرۆیی و هەروەها سەرچاوەی سروشتی، لە دارشتنی بەرژەوەندییەکاندا وەک خواردنێکی چەور سەیر دەکرێ و دانوستانی لە بارەوە دەکرێ.

لە لایەکی تر کێبەرکێ دەوڵەتییەکان لە نێوان ئەم دوو بەرەیە -ئامریکا و وڵاتانی بەرەی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ڕووسیە و وڵاتانی سەربەم وڵاتە- بۆ هەرچی زۆرتر کردنی شوێن پێی خۆیان و دەسڕۆیشتوویان لە ناوچە ژێئۆستراتێژیکەکان لە پێناوی ئامانجەکانی خۆیان (ئابووری و ئەمنیەتی)، ڕۆژهەڵاتی ناڤینیان هەردەم لەژێر تیخی شەڕێکی گەورە وماڵوێرانکەر ڕاگرتوە .کوردستانیش بە هەر چوار بەشیەوە لە ناوەندی ئەم کێشە و پرسانەدایە.

خەڵک و حیزبە خاوەن پێگەکان لەبەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی و ئەخلاقیدان، دەتوانن بە مودیریەتی بەهێز و ڕۆڵگێڕانی خۆیان لە یارییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا، کوردستان بەرەو قۆناغێکی زێڕین لە ماف و شوناس بەرن و لە مەترسییەکانی بەردەمی بیپارێزن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، وەک حیزبێکی خاوەن مێژوو و خاوەن پێگە، لەژێر باری ئەو بەرپرسیارەتییەی بنەماڵەی شەهیدان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خستوویانەتە سەر شانی و ڕەساڵەتی ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ئەرکی مێژوویی و هەنووکەیی لەسەر شانە و، پێویستە بەوریایی و تێکۆشانی زیاتر لە جاران بۆ وەدیهێنانی ماف و عەداڵەت و دروست کردنی کیانێکی نەتەوەیی و خاوەن ناسنامەی کوردستانی، زیاتر و قورستر لە جاران تێکۆشانی فرەڕەهەندی خۆی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە پێبدا.

هەر لەم سۆنگەیەوە و بەهەست کردن بەم بەرپرسیارەتییە لە کۆنگرەی ١٧یەمدا کە بە کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات ناودێر کرابوو –وەفا و ئەمەگناسییەک بوو بۆ خوێنی شەهیدان– و، بە شوعاری (یەکڕیزی، تێکۆشان و هیوا، زامنی سەرکەوتنی دواڕۆژمانن) پەیمانی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات دووبارە کردەوە و بەڵێنی دا، کە حیزبی پێشەوا قازی لەسەر بڕوا بە یەکڕیزی و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ماف و کەرامەت و هیوا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا گەیشتن بە ئامانجەکان، درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی بە پرەنسیب و خاوەن شوناس لە سەردەمی دامەزرانیەوە، تاکوو ئێستا بە هەستی بەرپرسیارانەی بۆ بەهێزتر کردنی خەبات دژی هەردوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی داوای یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە هێزەکانی مەیدانی خەبات بەدژی داگیرکەران کردوە –لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بە چوونی حیزبی دێموکرات بۆ نێو شۆڕای بەرگریی میللی و ئێستاش لەگەڵ دامەزرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵ و پێگەی گرینگ و، شوێندانەری لەم ناوەندەدا– بڕوای بە یەکڕیزی لە پراکتیکدا، پتر لە جاران بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەرخست و لەژێر ئەم ڕووناکاییەوە، تێکۆشانی هەمەلایەنەی دژی کۆماری ئیسلامی وەک خەباتێکی ڕەوا بۆ وەدیهێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ گەلی کورد دەست پێ کردوە.

بڕیاری شەهیدان و ڕێبەرانمانە بە هیوایەکی بەهێزتر لە جاران درێژە بەو ئەرکە بدەین و بۆ زەمانەتی داهاتوویەکی سەقامگیرتر و پڕلە سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمان و بەرەی داهاتوو بنیات بنێین.

# خالید عەزیزی:

# هیچ لایەنێک ناتوانێ فاکتۆری کورد لە داهاتووی ئێراندا نادیدە بگرێ




**"ڕۆژی پنجشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر پرێس کۆنفڕانسێک بە بەشداریی چەند کاناڵێکی میدیایی باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پەیامنێری «ڕادیۆ فەردا» بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.**

**لەم پرێس کۆنفڕانسەدا کە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٧ی حیزبەوە پێک هات، سەرەتا کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی لەسەر خوێندنەوە و دەرەنجامەکان بۆ کۆنگرە خستە ڕوو. لە بڕگەکانی دیکەی پرێس کۆنفڕانسەکەدا، پەیامنێری کاناڵەکانی ڕاگەیاندن پرسیار و سەرنجەکانی خۆیان بەرەوڕووی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لەلایەن بەڕێزیانەوە وڵام درانەوە.**

**لەم پرێس کۆنفڕانسەدا کاناڵەکانی «کوردستان ٢٤»، «تۆڕی میدیایی ڕووداو»، «ڕادیۆ فەردا»، «ڕۆژنیووز»، «کوردسات»، «سپێدە»، «کوردسات نیووز»، «ئێن ئارتی»، «کەرکووک»، «گەلی کوردستان» و «کوردکاناڵ» بەشدار بوون.**

**«کوردستان» بە باشی زانیوە پرسیار و وڵامەکانی ئەم پرێس کۆنفڕانسە بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە:"**

**دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی پرێس کۆنفڕانسەکەدا**

بەیانیتان باش!

زۆر زۆر بەخێر بێن بۆ قەڵای دێموکرات!

هەر وەکوو ئاگادارن، نیزیک ساڵێک و دوو مانگ پێش لە ئێستا، ئەم قەڵایە کە ناوەندی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەو حیزبەی کە بە ڕابردوو و بە سیاسەتێکی واقعبینانە کە هەیەتی و، لە نێوخۆی وڵات خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؛ هێرشی مووشەکیی کرایە سەر.

لە دەستی ڕاستی مندا، وێنەی دوو هاوڕێی ژنی لێیە کە لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا شەهید بوون. ئەگەر ئەو کات ئەم قەڵایە لایەکی بە مووشەک وێران کرا، بەڵام هەر بە ئیرادەی ئەو خەڵکە توانیمان ئاوەدانی بکەینەوە. ئێرە شوێنی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبە و ئێمە ئێستا لە بەردەم ئەو شوێنەدا دانیشتووین _ بە یادی ئەوان کە ئێوە لەدوای پرێس کۆنفڕانسەکە ژووری یادبوودەکەشیان دەبینن_؛ بەردەوام لەسەر ئەرک و تێکۆشانی خۆی دەچێتە پێشەوە.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیسان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی قەڵا (شەهیدانی ١٧ی خەرمانان)، بەو ناوە ناودێر کرا. ناوێک کە پڕبە پێستی بوو و، لەگەڵ سروشت و مەبەستی کۆنگرەش دەهاتەوە. ئەو ئیرادەیەی کە ئەو کات ئێمە هەمانبوو کە لە بەرامبەر مووشەکدا چۆک دانەدەین، هەر ئەو ئیرادەیە مێکانیزم و هاوکاری و بڕیارێکی لەنێو حیزبی ئێمەدا دروست کرد، کە ئێمە کۆنگرەی ١٧ بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فشارە ڕەوانی و ئەمنیەتییانەی کە لەسەرمانە؛ دەیگرین و گرتیشمان. بڕیارمان دا بە لەبەرچاو گرتنی ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات —کە ئێمە پێبەندین بەوە– سەرەڕای هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی پێمان دەگەیەنن، ڕێبەرانمان تێرۆر دەکەن، بە مووشەک هێرش دەکەنە سەر قەڵا، هێرشێکی بەرینی میدیایی لەلایەن کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانیەوە لەسەر ئێمە هەیە، بەڵام دیسانەوەش ئێمە بڕیارەکانی ئەساسنامەی حیزب بەجێ دەگەیەنین و کۆنگرەکەمان دەگرین.

ئەندامانی حیزب، تەشکیلاتی حیزب، بەگشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەژێر فشارێکی قورسدا بوو، بە داڕشتنی بەرنامەیەکی زۆر دەقیق و ڕێکوپێک بەجۆرێک کۆنگرەی گرت، کە لە ڕۆژی دەسپێکەوە تا کۆتایی هاتنەکەی نهێنییەکەی بەتەواوی پارێزرا و، ئەرکی هەرە قورسی پاراستنی ئەو نهێنییە بۆ ئەوەی کە درز نەکاتە دەرەوە لە ڕاستیدا دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەندامان و تەشکیلات و بەشی ئەمنیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کە زۆر زۆر ڕێکوپێک کاریان بۆ کرد.

بەخۆشییەوە ئێمە کۆنگرەی حەڤدەیەممان تەواو کرد و ئەوە بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە. حیزبێک کە لە شەرایەتێکی ئاوادا هەموو ئەو فشار و زەختانەی لەسەرە، بتوانێ کۆنگرەی خۆی بە ڕێکوپێکی بگرێ، زۆر هونەرە و ئێمە ئەو هونەرەمان هەبوو و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئیرادەی ئەندامانی ئەو حیزبە؛ هەم لە دەرەوەی وڵات و هەم لێرە لە هەرێمی کوردستان و هەمیش لە نێوخۆی وڵات. ئیرادەی سێ شوێنی جیاوازی جوغرافیایی بوو کە حیزبی دێموکراتیان لەو بوارەدا بە سەرکەوتن گەیاند.

لەم کۆنگرەدا بە تەبیعەتی سوننەتی حیزبی دێموکرات کە لە ئەساسنامەی حیزبیدا جێگیر بووە، ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی پێشکەش کرا، دوایە ئەندامانی کۆنگرە لە فەزایەکی زۆر ئازاد و دێموکراتیکدا لەسەر هەموو بەندەکانی ڕاپۆرت قسەیان کرد _باسێکی سیاسیی تێر و تەسەل کە زۆرتر پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بەگشتی پرسی کوردەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو_، هاتە گۆڕێ. ئێمە لەوێدا لەژێر ڕووناکایی ئەو واقعیەتە کە حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداگرییەکی زۆرمان لەسەر چەند و چۆنیی پشتیوانی کردن و بە هاناوە چوون و هاوکاری کردن و ڕێنوێنی کردنی ئەو خەباتە بەربەرین و جەماوەری و مەدەنی و سیاسییە کە لە نێوخۆی وڵات هەیە کردوەتەوە، چونکوو ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ نێوخۆی وڵات چڕوپڕە و فیدبەکەکانیمان بۆ هاتبۆوە. ئینعکاسی ئەو جموجۆڵەش لە ساڵی ڕابردوودا بیندرا. کاتێ قەڵا کەوتە بەر هێرشی مووشەکەکانی ئێران، ئێمە مووشەکمان نەبوو شەڕی مووشەکییان لەگەڵ بکەین، بەڵام خەڵکمان هەبوو لە نێوخۆی وڵات. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چوار ڕۆژ دواتر بە مانەوە لە ماڵەکانیان، بە ئیعتراز بە کۆماری ئیسلامی بە ئێمەیان گوت، ئێوە ڕێبەران و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات ئەگەر مووشەکتان نییە لێیان بدەن، ئێمە لێرە بە سەدان هەزار کەس لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕادەوەستین و پشتیوانیتان لێ دەکەین. بۆیە پەیامی ئێمە بۆ ئەوان و پەیامی ئەوانیش بۆ ئێمە لەم کۆنگرەیەدا، بەردی بناغەی پێوەندییەکی بەهێزتری دروست کردوە و ئێمە سەربەرزین بەوە.

ئێمە کاتێک مووشەکباران کراین، بێجگە لە دەوڵەتی ئامریکا کە لە شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو کردەوەی مەحکووم کرد و هەر ئەو کات سپاسمان کردن و، بێجگە لە هاودەردیی کۆمەڵانی خەڵک لە باشووری کوردستان کە بەڕاستی وەکوو هەمیشە بە هانامانەوە هاتن. لەوەش بگەڕێتەوە گرینگترین بەشی ئەم هاوخەمی و هاوسۆزییانە لە نێوخۆی وڵات بوو؛ کە لەدژی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامە ڕاوەستان. جا هەر بۆیە قورسایی کاری ئێمە لە کۆنگرەدا ڕووی لە نێوخۆی وڵات بوو.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات، لەبەر ئەوەی کە حیزبێکی نەتەوەییە؛ قەت بە نیسبەت ڕووداوی پارچەکانی دیکەی کوردستان کەمتەرخەم نەبووە. لە هەر هەڵکەوت و بۆنەیەکدا بووبێ، ئێمە ئەوەمان بە جۆرێک هەڵوێستە کردوە تەنانەت دەنگدانەوەی هەڵوێستی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتیش کاریگەریی هەبووە. لە ڕێفراندۆمەکەدا، کاتێ جەنابی مامجەلال وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، کاتێ پرسی ڕۆژاوا هاتە گۆڕێ، بە هەر بۆنەیەکەوە بێ ئەوان لە مەیداندا بوون و پشتیوانیی خۆیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەربڕیوە. بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر کولتووری هاودەردیی نەتەوەیی کە لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەدەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگیر بووە. بۆیە لەو مەیدانەشدا ئێمە توانیمان گرینگی بەو ڕۆحە نەتەوەییە لە کۆنگرەکەماندا بدەین. بوارێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات، سیاسەتێکی فرەڕەهەندی هەیە. بەردی بناغەی مقاومەت و مانەوەی ئێمە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا _کە ٤٠ ساڵ پێش لە ئێستا هێرشی کردینە سەر و هەتا ئێستاش بەردەوامە_ بوونی پێشمەرگە بوو. پێشمەرگە هێمای حیزبی دێموکراتە، پێشمەرگە یادگاری کۆماری کوردستانە و، ئێمە لەسەر ئەوە پێداگریمان کردەوە کە خەبات و جووڵانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لەدژی داعش لە دنیادا نەقشی بەست و، ڕابردووی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە؛ وەک هێمایەک هەمیشە جێگای ڕێز بووە و هیوادارین لە داهاتووشدا پێشمەرگە بەگوێرەی پێویست و لەژێر ڕووناکایی لێکدانەوەکانی ئێمەدا دەور و ڕۆڵی خۆی ببینێ.

لە بۆچوونی فرەڕەهەندیدا، ڕەهەندێک نێوخۆی وڵات بوو کە بە چڕوپڕی ئاماژەم پێکرد. ڕەهەندێک بواری تەشکیلاتیی حیزبی دێموکرات بوو کە چۆن بەهێزی بکەین، هەم لە نێوخۆی وڵات هەم لە دنیای دەرەوە و هەمیش لێرە. ڕەهەندێکیش بواری دیپلۆماسی بوو. حیزبی دێموکرات سەرەڕای قۆناغی جۆراوجۆر، هەمیشە هەوڵی داوە لە بواری دیپلۆماسیدا باش کار بکا و بچێتە پێشەوە. ڕەهەندێکی دیکە ئەوە بوو کە هەموو ئەوانە کاتێک بەباشی دەچێتە پێش کە ئێمە یەکگرتووییمان هەبێ، لانیکەم ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بنەمایەکی باش بێ بۆ ئەوەی کە هەموومان بەیەکەوە کۆ بکاتەوە و لە درێژەی خۆیدا ببێ بە ئالتێرناتیڤێک کە ئێمە بەیەکەوە بەهێزتری بکەین. وە ڕەهەندێکی دیکە ئەوە بوو ئێمە هەرێمی کوردستان بە دەسکەوتێکی بەرزی نەتەوەیی دادەنێین کە جێ کەوتووە و، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێستا و لە داهاتووشدا؛ سەرکەوتنەکانی ئێرە بە سەرکەوتنی خۆی دەبینێ. ئاڵقەی پێوەندی و تێکەڵاویی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان، لەمێژە نەهادینە بووە. بۆیە جیاواز لە لایەنی سیاسی، ئەو هاوسۆزی و خۆشەویستییانە لە جێگای خۆیدا هەر بەباشی دەمێنێتەوە.

دیسان بەخێرهاتنتان دەکەم و ئامادەی وڵامدانەوە بە پرسیارەکانتانم.

**گەلی کوردستان: ئەمڕۆ گەلی کورد بەگشتی پێویستییەکی زۆری بە یەکگرتوویی هەیە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گرووپی کاریی هەبوو کە بەداخەوە لەم دواییانەدا وابزانم حیزبێکیان هەر بەتەواوی لێی کشاوە، لە کۆنگرەی تازەی ئێوە و لە باسکردنی نێوەرۆکی کۆنگرە و دواتریش چ هەنگاوێکتان هەیە بۆ لێک نیزیکتر کردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات؟**

هەنگاوی یەکەممان ئەوەیە کە ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێبکۆشین و جارێکی دیکە جەخت لەسەر پێداویستی و هاوکاری بکەینەوە و، هۆکاری سەرەکیشمان ئەوەیە هەتا ئێمە لێک نیزیک دەبینەوە و هاوکاریی یەکتر دەکەین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی زۆرتر دڵخۆش دەبێ، پتر بە هانای داواکانی ئێمەوە دێن؛ بۆیە ئەوە بەردی بناغەیەتی. دووهەم، لە بواری نێودەوڵەتیدا حەول دەدەین کار بکەین کە ناونیشانێکی بەهێز و گونجاو بۆ کوردی ئێران دروست بکەین، لەو بەربڵاوییە بێینە دەرەوە. سێیەمیش ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە هەر بۆچوونێکی سیاسیی کە هەیانە و کار دەکەن، تێبکۆشین هەر حیزبێکی ئێمە تەنیا بە سەرنجدان بە عیلاقاتی خۆی، خەسار بە پرسی کورد نەگەیەنێ؛ بەڵکوو هەموومان بەیەکەوە. ئەوە دەکرێ بڵێین سێ تەوەری سەرەکییە کە لەمەو بەدوا کاری لەسەر دەکەین.

**کوردستان ٢٤: باست لە ڕەهەندە دیپلۆماسییەکان کرد کە حیزبی دێموکرات گرینگیی پێ دەدا، بەتایبەتی لە ئێستادا یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکانە چونکوو ئێران بەرەو گۆشەگیری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەچێ؛ ئایا حیزبی دێموکرات لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە، لە ڕووی لابیگەری و پێوەندی دروستکردن چۆن ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە؟ پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە، لە ئێستادا کە ئێران بەرەو سەپاندنی زیاتری سزاکان دەچێ، حیزبی دێموکرات پێی وایە ئەو سزایانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی تاران دادەنێن؟ ئایا سزاکان بە باش دەبینن، لە کاتێکدا بەشێکی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات خەسارێکی زیاتر دەبینن لە سزا ئابوورییەکان؟**

سروشتی دیپلۆماسیی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بوارێکی بەرینتردا وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ڕاستیدا کاریگەریی پێوەندیی تاران لەگەڵ دنیای دەرەوەی بەسەرەوەیە. ئەگەر دنیای دەرەوە بەردەوام بێ لە فشارهێنان بۆ سەر ئێران بەتایبەت واشینگتۆن و، ئەگەر دنیای دەرەوە دیسان بەتایبەت واشینگتۆن لە دەستووری کاری خۆی لەدژی ئێراندا، بڕێک بەرینتر بیر بکاتەوە هەموو بابەتەکان بەرتەسک نەکاتەوە بە بەرجام؛ سروشتییە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە دنیای دەرەوە هاواهەنگییەکی زۆرتر هەبێ. حیزبی ئێمە حەولی داوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تێبکۆشێ بە دنیای دەرەوە بە تایبەت بە واشینگتۆن بڵێ، داواتان لێدەکەین بە یەک چاو، چاو لە ئێران مەکەن؛ واتە کێشەی ئێران تەنیا کێشەی ناوکی و بەرجام نییە. ئەگەر ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، دەبێ لە نێوخۆی وڵات دەست پێبکا. حکوومەتێک لە نێوخۆی وڵات وڵامدەر بێ بەرامبەر بە خەڵک و شارۆمەندانی خۆی، بێگومان لە بواری نێودەوڵەتیشدا گونجاو و بە بەرپرسیارەتییەوە دەجووڵێتەوە. ئێمە تێدەکۆشین لەمەو بەدوا بەتایبەت وەک ناوەندی هاوکاری، سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ سەر ئەو پرسە گرینگانە ڕابکێشین، بەڵام هەمیشە وتوومانە، ئەزموونی کورد لە عێراق، تورکیە و سووریە دەرخەری یەک ڕاستییە، تاکوو لەو وڵاتانە کێشەی کورد چارەسەر نەبێ، لە یاسای بنەڕەتیدا نەیەنە بەر باس؛ ئەو وڵاتانە بە ئاسانی هێمنی و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە نابینن. یەکێک لە بنەماکانی سەقامگیری و هێمنایەتی لە عێراقدا بەخۆشییەوە هەرێمی کوردستانە و، هەرێمی کوردستان دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوە. وتوومانە چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتانەدا، دەرفەتە بۆ سەقامگیر بوونی دێموکراسی و تەوافوق لە پێتەختەکانیان. جا مادام ئێمە ئەو پەیامەمان داوە بە دنیای دەرەوە، لە لای ئەوان کەم و زۆر ئەوە هەیە ئەگەر بیانهەوێ فشار بۆ سەر ئێران بێنن نابێ پرسی کورد لەبەرچاو نەگرن.

بە نیسبەت ئەو سزایانە، بە بڕوای ئێمە ئەو سزایانە لەم دواییانەدا بەتەواوی کاریگەریی خۆی لەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی داناوە، تا ڕادەیەکی زۆریش بووەتە هۆی ئەوە هەست بەوە بکرێ سیستمی سیاسیی ئەو دەسەڵاتە وەک جاران کارایی نییە. بەڵام بێگومان کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکیش داناوە و، ئەوەش تاوانەکەی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. ئێستاش ئەم ڕێژیمە بەتەواو مۆنۆپۆلی سیستمی ئەرز و دۆلار و بانک و سەروەت و سامانی ئێرانی کردوە. لەو شوێنەی کە پێویستە خەرجی خەڵکەکەی بکا، نایکا بەڵام لە ڕێگەی پرۆژە تێرۆریستییەکانی خۆی، شێواندنی ناوچەکە و چەوساندنەوەی خەڵک بەکاریان دێنێ. ئەمن پێم وایە لە درێژەی ڕەوتی خۆیدا ئەو سزایانە هەر بەردەوام دەچێتە پێشێ و، هیوادارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتوو بێ لەدژی ئێران.

**ئێن ئاڕ تی: دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان لەسەر ئەوەی _کە ئێستا بەڕێزیشتان باستان کرد_ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێران لە گۆڕێدایە، پێشتر...**

⟵

**وریگرییەک هەبووە لەوەی کە لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان وتوویژ بکەن؟ ئایا کۆنگرەکانی تر کە دەگیران لەوێدا وەکوو حیزبی دێموکرات ڕێککەوتنێک لەسەر ئەوە هەبوو کە هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی دانوستان لەگەڵ ئێران بکەن؟ لەم کۆنگرەیەدا هیچ باس لە خاڵێکی وا کراوە؟ پرسیاری دووهەم، هەمیشە لە باشووری کوردستان دەڵێن سکرتێری حیزبەکان خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بمێننەوە، ئەم قسەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕاستە؟ یا ڕۆژهەڵات تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستییەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئێوە بۆ جارێکی تریش خۆتان هەڵبژێرن؟**

لە ڕاستیدا لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا هیچ کات وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و حیزبەکانی دیکەش وەلا نەندراوە. دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ تەورێزیشدا وتوویژی کرد بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەری، لەگەڵ تاران _قەوامو سەڵتەنە_ ش وتوویژی کرد و، لە دوای شۆڕشی ئێرانیش ئێمە دانیشتنی زۆرمان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی ئێران، لە نێوان خومەینی و شەهید دوکتور قاسملوو، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیامگەلێک دەستاودەست کرا. دواتریش دیسان وتوویژ کراوە و، لەم دواییانەشدا هەندێک چاوپێکەوتن و دانیشتنمان هەبووە. کاتی خۆی هەر حیزبی ئێمە لە هەرێمی کوردستان شەش_حەوت ساڵ پێش لە ئێستا وتوویژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بووە. ئێستاش بەخۆشحاڵییەوە بیرۆکەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وەک بیرۆکەیەکی ئەقڵانی و پەسەندکراو سەیر دەکرێ. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مەبەست ئەوانەی وا لە ناوەندی هاوکاریدا بەشدارن، هیچکات دژی وتوویژ نەبوون. هەردوو لای دێموکرات و کۆمەڵەش لە کاتی خۆیدا پێکەوە وتوویژیان کردوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، جا کەوایە وتوویژ شتێکی تابوو نییە؛ بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەم چوار لایەمان پێکەوە ئەو دانیشتنانە دەبەینە پێشەوە، ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەوەش بڵێم کە ئێمە هێشتا نەچووینەتە قۆناغی جدیی وتوویژەوە، دانیشتن بووە و بەش بە حاڵی خۆم بە دەسکەوتێکی باشیشی دەزانم و لانیکەم ئێمە وەک چوار حیزب ئەو کارە دەکەین؛ لە کۆنگرەکانی پێشووتری حیزبیشدا ئەو باسە هەر هەبووە.

بەنیسبەت هەڵبژاردنەوەی خۆم و کولتووری ڕێبەری کردنی حیزب لە حیزبە کوردییەکاندا، پێم وایە هەر حیزبێک مێکانیزمی خۆی هەیە. چەندوچۆنیی چارەسەر کردنی کێشە دەروون حیزبییەکان پێڕەوی لە ڕێککەوتنی ئەندامانی ئەو حیزبە لە نێوان یەکتر دەکا. هەر لە ئورووپا و ئامریکاش کە خاوەنی دێموکراسین، ئەگەر حیزبەکان پێک بگرین هەر کام لەوان مێکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە و، ئەو مێکانیزمەش کە مادام بۆخۆیان هێناویانە و بۆخۆیشیان دەنگیان داوەتێ؛ ئەوە پەسەندە. بەڵام کاتی خۆی، من وازم هێنا و ئەوەش نەبووە هۆی ڕاوەستانی کاری حیزبی و زۆر بە شێوەیەکی دێموکراتیک جێگۆڕکێی دەسەڵاتمان کرد. ئێستا لەم کۆنگرەیەدا بە هەر هۆکار و خوێندنەوەیەک بووبێ دیسان، جێگۆڕکێیەکی سیاسی کراوە و من بوومەتەوە سکرتێر، هەموو ئەوانە بە لێک تێگەیشتن بووە. جا بۆیە بە باوەڕی من ئەم شتە ئەو ئیستعدادەی لە حیزبی ئێمەدا دروست کردوە، کە ئەگەر لە ئێستا و داهاتووشدا سکرتێرەکان بگۆڕدرێن، هیچ قەیران نییە و ئەو خەبات و تێکۆشانە بەردەوام دەچێتە پێش و، هیوادارم ئێمە مێکانیزمێک بدۆزینەوە کە ئەندامانی حیزب پێی ڕازین. ئەو بەشە من ناوی «ڕێککەوتنی دەروونحیزبی»ی لێ دەنێم.

**ڕادیۆ فەردا: دوو پرسیارم هەیە، یەکەم لە پێوەندی لەگەڵ بوونی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستانە؛ ئەگەر دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیانهەوێ ئێوە ئێرە بەجێ بێڵن، ڕوو لە کوێ دەکەن؟ پرسیاری دووەم؛ پێوەندیی ئێوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق هەروەها حیزبە کوردستانییەکان لە چ ئاستێکدایە؟**

بوون و چالاکییە سیاسییەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان هیچکات زیانێکی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەگەیاندوە، ئێمە لە درێژەی ئەم ساڵانەدا کە لێرە بووین، ڕێزمان لە یاساکانی عێراق چ لە بواری نێوخۆیی و هەروەها ناوچەییشدا گرتوە. تا بە ئێستاش دەوڵەتی عێراق و یاخود هەرێمی کوردستان هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە لەسەر ئەوەی کە بوونی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، کێشەی بۆ ئەوان دروست کردبێ. ڕێبەرانی عێراق حیزبی دێموکرات و خەباتی ئەم حیزبە بەباشی دەناسن. ئەگەر ئێمە لەگەڵ بەغداد پێوەندییەکیشمان هەبێ زۆر ئاساییە، سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە هیچکات لە سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێدا دەستێوەردان نەکا. کەواتە کاتێک کە ئێمە ڕێز لە یاساکانیان دەگرین، ئیدی لەو بڕوایەدا نیم کە لە داهاتوودا ببێتە هۆی کێشە لەگەڵ حکوومەتی عێراق. لە پێشدا لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرینگە، کە هەر ئەوەش بریتییە لە ڕێزگرتن لە یاسای دەوڵەتی عێراق. ئێمە لە دۆخێکدا نین کە بیر لەوە بکەینەوە عێراق بەجێ بێڵین.

**کوردسات: جاری یەکەم کە بەڕێزتان بوون بە سکرتێر، هەندێک لە شەقامی ڕۆژهەڵات ناوی قاسملووی دووەمیان لێ نای، ئەو نازناوە زۆر گەورەیە. بەڕێزتان دیسان هاتنەوە، چۆن خۆتان وەک شەخسی سکرتێر لە ئاستی ئەو نازناوەدا دەبینن؟**

یەکەم، حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە خاوەنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری کوردستانە. خاوەنی دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سیاسەتمەدارێکی بەتوانا، بیرمەندێکی گەورە، دیپلۆماتێکی دوورەندیش، کەسایەتییەکی گەورەی کورد و ئێرانییە. هەروەها خاوەنی دوکتور شەرەفکەندییە، کە سیاسەتمەدارێکی زیرەک و بەتوانا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بوو. ئەمن وەک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شانازی دەکەم کە لە ڕیزی حیزبێکدام کە خاوەنی ئەو ڕێبەرە مەزنانە بووە. ئەگەر نەک بەتەنیا من _کە بۆخۆم لە ئاستی گەورەیی دوکتور قاسملوودا نابینم_ بەڵکوو هەرکام لە ئەندامانی ڕێبەریی ئێمە، بەشێکی کەم لە تایبەتمەندییەکانی سێ ڕێبەری شەهیدیان تێدا بێ کە بەخۆشییەوە هەیە؛ ئێمە بەیەکەوە زۆر سەربەرزین. بەخۆشحاڵییەوە توانیومانە بەشێک لە توانایییە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوان لە خۆماندا ببینینەوە. من بەش بە حاڵی خۆم حەولی کرداری بۆ ئەم ڕێبازە دەدەم و تێدەکۆشم جێگیر بێ، کە دەڵێم جێگیر بێ مەبەستم لە پێڕەو، پرۆگرام، ستراتێژی و ئامانجەکانی حیزبەکەمانە کە بە پێشەواوە دەستی پێ کرد، بە دوکتور قاسملووەوە گەیشتە لووتکە و بەشی دوکتور سەعید بەداخەوە ماوەیەکی کورت بوو و، ئەو ڕێبەرە بە توانایەمان شەهید بوو. ئەگەر بتوانین بەشێک لەوانە جێبەجێ بکەین ئەوە بەو واتایە کە سەرمایە و تواناکانی دوکتور قاسملوو لەنێو ئێمەدا چەسپاوە و بە میرات بە ئێمە گەیشتووە. ئەوەی کە دەیڵێم بەو مانایە کە ئەگەر ئەمن و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیشمان نەمێنین، ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو هەتا دێ زیاتر دەبن و ئەمن دڵنیام کەسانی زۆر بەتوانا دێنە گۆڕەپانی خەباتەوە؛ هەر ئەزموونی مووشەکباران و لەدەست دانی پۆلێک لە هاوڕێیانمان ئەوەی نیشان دا. بۆیە ئەو کولتووری مرۆڤسازییە لەنێو حیزبی ئێمەدا بۆ هەمیشە ماوەتەوە و هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانین ئەم سەرمایەیە مودیریەت بکەین. کاتێک کە باس لە حیزبی دێموکرات دەکرێ پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندییان وەبیر دێتەوە، کەواتە ئێمە هەوڵ دەدەین _ هەرچەند کەمی دێنین_ بەڵام بەتاڵاییەکان پڕ بکەینەوە.

**ڕووداو: لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ململانێیەکی توند هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئامریکادا و هەروەها کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش بەجۆرێک تێیدا بەشدارن، بەتایبەت لەم دواییانەدا کۆماری ئیسلامی بڕێک پاشەکشەی کرد؛ دەکرێ پێمان بڵێن ئێوە داهاتووی کۆماری ئیسلامی لەدوای ئەوەی کە ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی و لە ئاستێکی گەورەدا ڕوو دەدەن، چۆن دەبینن؟**

بە هەموو لێکدانەوەیەکی ئێمە، ئەگەر فاکتۆرە جۆراوجۆرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ؛ کۆماری ئیسلامی توانای درێژە دان بەم دۆخەی ئێستای نییە. کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشارێکی قورسدایە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا توانیویەتی خۆی ڕابگرێ، یەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتێکی ڕەهای نیزامیی هەیە، دووەم ئەوەی کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران بەتەواوی لە ئیختیاری دەسەڵاتدارانە و ئەوە لەپێناو مانەوەی خۆیاندا بەکار دێنن. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فاکتۆرانەی وا باسم کرد بەشی گرینگ و بەرچاوی خەبات لەدژی ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی کار و چالاکی لە نێوخۆی وڵاتەوە دەکرێ و لەوێوە دەتواندرێ کۆتایی بە سەرەڕۆیی ئەم دەسەڵاتە بهێندرێ. ئەگەر دەرفەتێکیش بێتە گۆڕێ لە ئێراندا خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکانیەوە بەتایبەتی گەلی کوردیش کە قوربانییەکی زۆری لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا داوە ئاوا بە ئاسانی لە کۆماری ئیسلامی خۆش نابن. کۆماری ئیسلامی جۆرێک خۆی پێناسە کردوە، مێکانیزمی مانەوەی خۆی بە شتگەلێکەوە بەستووەتەوە کە هیچکات لەکۆڵ ئەو کێشانە نابێتەوە. قەیرانە سیاسی، ئابووری، نێودەوڵەتییەکان ئیدی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەمێنێتەوە و لەگەڵی دەڕوا؛ بەجۆرێکە ئەگەر هەرکام لە قەیرانەکان تێپەڕ بکا قەیرانێکی دیکە بەدوایدا دێ. ئەمن دڵنیام لەوەی کە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهان بووەتە پێناسەی کۆماری ئیسلامی، واتە ئەم ڕێژیمە بە کێشەکانی دەناسنەوە. هەر بۆیە ئەم شێوە لە خۆ پێناسەکردنە لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە وەرناگیرێ. خاڵێکی گرینگیش کە لێرەدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە خەڵکی ئێران سەرەڕای توند و تیژییەک کە لەسەر سەریانە بەڵام لە ئاستێکی بەرز لە شعووری سیاسیدان، داوای زۆریان هەیە و بەدواداچوونیشی بۆ دەکەن. هەموو ئەم فاکتۆر و ڕاستییانەی کە هەن ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی زوو یا درەنگ دەبێ بڕوا. سەرەڕای ئەوانە کۆمەڵگەی ئێران تووشی دارمانێکی کۆمەڵایەتیی بووە و، ئەمەش ئاکامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە و، لێرەدا خەڵک دەبێ خۆیان یەکلا بکەنەوە لەگەڵ ئەم هەمووە کێشە و ئارێشانەی بەردەمیان؛ کە من پێم وایە ئەو کارە دەکەن.

**گەلی کوردستان: یەکێک لە پرسیارەکان کە لەلایەن خەڵک و بژاردە سیاسییەکانی کوردستان بەرەوڕووی هەردوو لای دێموکرات دەبێتەوە، پرسی یەکنەگرتنەوەیە کە ماوەیەکە بێدەنگی لێ هێندراوە؛ ئێوە بەتایبەت لەدوای کۆنگرەی ١٧ چ بەرنامەیەکتان بۆ یەکگرتنەوەی ئەم دوو حیزبە هەیە؟**

هەر دوابەدوای لەتبوون یەکەمین پەیامی ئێمە ئەوە بوو کە لەتبوون بەسەرماندا سەپا، ناچمەوە نێو ئەو باسانە. هەر ئەوکات ڕامانگەیاند ئێمە ئامادەی وەسەریەک کەوتنەوەین، هەر دوو لای دێموکرات بە دانیشتن بێین خەسارناسی بکەین و یەک بگرینەوە و بەیەکەوە ئیدارەی بکەینەوە. لەژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتە دروستە کە ڕەچاومان کرد و داواکاریی کۆمەڵانی خەڵکیش لە نێوخۆی وڵات، لایەنی ئێمە دەسپێشخەر بوو لە وتوویژ کردن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئێمە باش چووینە پێشەوە و کۆمەڵێک دانیشتن و وتوویژ هاتنە گۆڕێ، هەیئەتێک داندرا کە بە چڕوپڕی لە کۆبوونەوە و دانیشتندا بوون لەگەڵ لایەنەکەی دیکە؛ کە بەداخەوە بە ڕێککەوتن نەگەیشتین. لایەنی ئێمە ئیمتیازی دا بەڵام لایەنەکەی دیکە بەجدی وەر نەگرت و وەڵای نا. بۆ مێژووش بێ با ئەوە بڵێم من وەک خۆم ڕامگەیاند کە ئامادەم بۆ ئەوەی دێموکراتەکان یەک بگرنەوە، بۆ ئەوەی سیمایەکی بەهێز لە حیزبی دێموکرات بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدەین، من ئامادەم واز لە پۆستی سکرتێری بێنم. تەنانەت هەنگاوێکی دیکەش چوومە پێشێ و گوتم ئەگەر کێشەی ناو هەیە، ئێمە شەڕی ناو ناکەین بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات توانیبێتی یەک بگرێتەوە با ناوەکەش ناوی ئەوان بێ. بەداخەوە ئەوان هیچکام لەوانەیان وەر نەگرت. ئەوەی ئێمە کردمان هەست بە بەرپرسایەتییەکی نەتەوەیی بوو، تەنانەت لە حیزبەکەی خۆماندا گلەیی لە من و لەو دوو بەخششە هاتە گۆڕێ. لێرەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە ڕادەگەیەنم کە ئێمە هەموو حەولێکمان دا لەم پێناوەدا؛ جا بۆیە ڕەنگە ئەمن داوای لێبووردنێک بە ئەندامانی حیزبەکەی خۆمان قەرزدار بم کە زۆر چوومە پێشێ و ڕەعایەتی حاڵی ئەوانم نەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش کۆنگرە دیسان باسی یەکگرتنەوەی کردوە و ئەوەی ئەسپاردوە بە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو. با ئەوەش بڵێم کێشەی ئەم دوو لایەنە دەبێ پێخۆشبوونی هەر دوو لای تێدا بێ دەنا بە هیچ شێوەیەک چارەسەر نابێ. ئەم کەیسە لەلای ئێمە هەر ئاوەڵایە و ئەگەر دیسان دانیشتن و وتوویژ بێتەوە گۆڕێ کومیتەی ناوەندی دەتوانێ لەژێر تیشکی ئەوەی کە لە کۆنگرەدا هاتە بەر باس لەم پێوەندییەدا، حەولی چارەسەر کردنی کێشەکان بدەن. بەڵام ئەگەر سەرکەوتووش نەبووین لە یەکگرتنەوەدا، کۆتایی ژیان و سیاسەت نییە. ئێستا هەردوو لا، لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەیەکەوە هاوکاریمان هەیە، لەوێ لەژێر ناوی ئەو ناوەندەدا بەیەکەوە بەیاننامەش دەردەکەین. لە کۆتایی وڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێم ئەگەر یەکگرتنەوەش جێبەجێ نەبێ ئەوە ئێمە بەخۆشحاڵییەوە هەندێک پێوەندیمان هەیە کە دەتوانێ هاوکاری و هاوئاهەنگیی هەردوو لامانی لە کارەکاندا لێ بکەوێتەوە.

**کوردسات نیووز: وەک باستان کرد ئەو کات ئێوە لەپێناو کۆنگرەدا تەنازولێکی زۆرتان بۆ لایەنی بەرامبەرتان کردوە، ئایا ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕن و بە هەمان ڕێچکەدا دەڕۆن؟**

ئەوان کۆنگرەی خۆیان گرتوە و کۆمەڵێک گۆڕانکارییان لە قەوارە و مێکانیزمەکانی حیزبی خۆیاندا هێناوەتە گۆڕێ، ئێمەش کۆنگرەی خۆمان گرتووە بۆیە ئێستا دۆخەکە لەچاو دوو ساڵ و سێ ساڵ پێش لە ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر بڕیار بێ دەست پێ بکەینەوە، بە خوێندنەوەیەکی دوو لایەنە، دوو حیزب لەگەڵ یەکتر دادەنیشن، یەکیان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوی دیکەیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەوە یەکەم هەنگاوە. کە ئەوە دیاری کرا، دوایە دەکرێ بچینە نێو وردەکارییەکانەوە و خەسارناسی بکرێ کە چۆنە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە یەک بگرینەوە. لەمەو بەدوا دەست پێبکەین کە چ بکەین باشە، بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر بە ڕێککەوتنێک نەگەیشتوون. لەدوای کۆنگرەکەی ئەوان و کۆنگرەی ئێمە هەموو ئەو شتانە دەتوانین بڵێین نەماون.

**کەرکووک تیڤی: ئەگەر ئێوە ئەو هەلەتان بۆ هەڵکەوێ لەگەڵ وڵاتانی زلهێز بۆ نموونە ئامریکا ڕێک بکەون، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕازی بێ لەگەڵ ئێوەدا وتوویژ بکا و بهێڵێ بچنەوە بەتایبەت کە ئەزموونی دوکتور قاسملووش لەبەر دەستدا هەیە [لەمەڕ وتوویژەوە]؛ ئایا ئێوە ئامادەن بچنەوە یا هەر درێژە بە خەباتی شاخ دەدەن؟**

کێشەی دنیای دەرەوە لەگەڵ تاران لەسەر پرسی کورد نییە، بەڵکوو کێشەی ئەوان لەسەر بەرژەوەندیی خۆیانە. سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا هاتن و ڕۆیشتن و هەر یەکە و سیاسەتێکیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هێنا گۆڕێ و خستیانە نێو بازاڕی سیاسەت بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان؛ بەڵام خەبات و تێکۆشانی ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامی لەدوای ئینقلابەوە دەستی پێکرد، ڕەوایی ئەو خەباتەی ئێمە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە و، بەپێچەوانەی سیاسەتی سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا سیاسەتەکانی ئێمە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نەگۆڕدراوە. بۆیە ئەوە دەڵێم سیاسەتی ئێمە لەدژی ئەم ڕێژیمە پێڕەوی لە سیاسەتی واشینگتۆن ناکا. ئەوان کاتێک کە بەرژەوەندییەکانیان کێشەی لەگەڵ یەکتر نەبوو دەتوانن پێک بێنەوە. بەڵام تێدەکۆشین لەو کێشانەی دێتە پێشێ، بە حوکمی گرینگیی پرسی کورد لە ئێران وەک نەتەوەیەک و هەلومەرجی حیزبی دێموکرات لە مەیداندا بین. بۆیە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان لەسەر بەرژەوەندییەکان بنیات دەنرێن و کەواتە ئێمەش چاوەڕوانیی ئەوەمان نییە کە وڵاتێکی زلهێز یاخود وڵاتێکی ناوچەیی بێت و لەسەر پرسی ئێمە پرۆژە دابنێ. بەڵام هەر وڵات و لایەنێک کە بەرنامەی لەسەر ئێران هەبێ ناتوانێ پرسی کورد لەوێ لەبەرچاو نەگرێ، ئەگەر وا نەکەن دیسان ئێران ڕووی سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ. بۆیە دەوڵەتە ناوچەییەکان و دەوڵەتە جیهانییەکانیش بەتایبەت زلهێزەکان هەر خەونێکیان بۆ ئێران هەیە، چ بە شەڕ و چ لە ڕێگای ئاشتییانەوە، دەبێ فرەنەتەوەیی بوونی ئێران لەبەرچاو بگرن و کورد فاکتۆرێکی بەهێزە لەم نێوەدا.

**ڕۆژ نیووز: بەحوکمی ئەوەی کە دەگوترێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستی منە، ئێوە لەسەر ئەم بنەمایە وەکوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا چ ڕادەیەک لە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی لەسەرووی هەموویانەوە ئامریکا؛ نیزیک بوونەتەوە؟**

هەتا ئەو جێی پێوەندی بە لێک نیزیکی هەیە، دەبێ دەستووری کار و پلانێک هەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت واشینگتۆن، ئەوان هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کێشەکەی خۆیان لەگەڵ ئێران بە کێشەی ناوکی و ئەوەی کە ئەم وڵاتە هۆی ناسەقامگیریی ناوچەکەیە پێناسە کردوە. لەوەی دووەمدا ئێمەش هاوڕاین و پێمان وایە ئێران هۆی ناسەقامگیرییە. جیاواز لەوانە حیزبی دێموکرات پێوەندیی لەگەڵ واشینگتۆن هەر هەبووە، ئێمە نوێنەرمان لەوێ بووە، سەردانی ئەوێمان کردوە، کونسوولەکانیان هاتوون سەردانی ئەم قەڵایەیان کردوە، ئێمەش سەردانی کونسوولەکانیانمان کردوە و لە زۆر شوێن و بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە یەکترمان بینیوە. ئەوانیش ئەو عیلاقاتانەیان بە نیسبەتی ئێمە ڕەد نەکردووەتەوە هەتا ئەو جێگەی لە ئاستی حیزبێکدا دەگونجێ؛ هەر وەکوو باسم کرد تەنیا وڵاتێک بوو کە مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مەحکووم کرد. هەر چەند مانگ پێش لە ئێستا بۆخۆم لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە لە ئامریکا بووم و ئامریکاییەکانمان بینی و لەگەڵیشیان دانیشتین و باسی ئێران و وتوویژ و سیاسەتەکانی ئەوان بەرامبەر بە ئێرانیش کراوە. جا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات سیاسەتێکی وا ناگرینە بەر کە دژایەتی لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئامریکا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکەین. ئێمە لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوتوومانە، کورد فاکتۆرێکی بەهێزی ئاشتی و هێمنایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە؛ پشتیوانیی لێ بکەن. جا هەر بە پێڕەوی لەم فاکتۆرە کورد لە ئێرانیش هەر وایە. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش باسێکمان هەیە کە لەمەو بەدوا چۆن دیپلۆماسیی کوردی ئێران ڕێک بخەین، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێمە بە چەند حیزبی لێکبڵاو چاو لێ نەکەن. یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و تۆکمە و بە بەرنامەی نییە. من زۆر جار گوتوومە ئۆپۆزیسیۆن بوون، هونەر نییە ئەوە هەموو کەس دەتوانێ بیکا، بەڵام هونەری ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە ببێ بە جێگرەوە. بۆیە کوردیش لەم بوارەدا پێویستە خۆی ڕێک بخا و، ئێمە لە پێشدا وەک کورد و دوایەش وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێویستە هاودەنگییەکمان هەبێ؛ پەیامێکمان پێ بێ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا ئەوە ئێمە هەین.

***



# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## لە عەجەبشێرەوە بۆ بێشەی شێران



مراد جۆلا

ناوم مراد جۆلایە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ناوچەی زێدانی پیرانشار لەدایک بووم و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هاتینە کۆنەخانێ کە ئێستا بۆتە گەڕەکێکی شاری پیرانشار. هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پێوەندیم بە یەکیەتیی لاوانەوە گرت کە بۆ ماوەی چەند مانگێکیش لەو ڕێکخراوەدا وەک پێشمەرگە سازمان درام کە ئەو کاتی بەرپرسەکەی کاک مراد ئەحمەدی بوو. ئەو کات دەگەڵ شەهیدان ڕەحیم مەحموودی، ڕەحمان سۆفی زادە لە یەکیەتیی لاوان و دواتریش دەگەڵ کومیتەی پیرانشار دەگەڵ شەهیدان مەلا ڕەسووڵی گەردی پێوەندیم هەبووە.

هەتا ئەو کاتەی کە حیزب دەستەڵاتی تەواوی لە ناوچەکە هەبووە بە ئاشکرا چالاکیم کردووە و دواتر کە وردە وردە حیزب لە شارەکان چۆتە دەرێ لە سەر ڕاسپاردەی بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەکە، من لە نێوخۆ مامەوە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٦٠ بۆ ماوەی سێ ساڵان دەگەڵ شەهید ئەبووبەکری ئازەربەرزین و کۆمەڵێک کەسی تر چالاکیمان دەکرد هەتا پاییزی ساڵی ١٣٦٣ کاتێک کە مەئمووریەتێکی حیزبیمان پێ ئەسپێردرابوو دوای گەڕانەوەمان لە شاخی و ئەو کارەی کە کردبوومان بەداخەوە ئەو کەسەی کە ئێمەی بە ماشێن هێناوە گوزارشی لێدابووین و بە گرتنی داین _کە هەڵبەت دواتر بە سزای خیانەتەکەی گەیشت_. لە دەروازەی شاری واتە لە ڕێگای سەردەشت دەستبەسەر کراین. سەرەتا بردیانینە گرتووخانەی سپا لە پیرانشار. ماوەی چوار مانگان لەوێ ماینەوە کە بەداخەوە لەو ماوەیەدا هاوڕێی خۆشەویستم ئەبووبەکری ئازەر بەرزین لە ژێر ئەشکەنجەی پاسداراندا گیانی بەختی نیشتمان کرد. دوای ئەو چەند مانگە کە لە ژێر ئەشکەنجەیەکی بێ بەزەییانە و چەختیانەی پاسداراندا کۆڵم نەدا و توانیم خۆ ڕابگرم بۆ زیندانی سپا لە شاری نەغەدە ڕاگواسترام. لەو ماوەیەدا ئەوەی کە لە خانێ و نەغەدە بووین هەموو ڕۆژێ بازجوویان لێ دەکردین جا شەو با بەیانی با یا نیوەشەو بەوپەڕی توندوتیژییەوە لێپرسینەوەیان دەگەڵ دەکردین و داوایان لێدەکردین کە ناوی خەڵک بڵێین و لەسەر هاوڕێ و کەسانی نیزیکمان ئیعتراف بکەین. هەموو ئەو ماوەیەش من لە بەندی تەک سلوولی ڕادەگیرام و وەک بەندییەکی مەترسیدار سەیریان دەکردم تەنیا بەو تاوانەی ئەوەیکە خاک و خەڵکی خۆم خۆش ویستووە و پشتم تێ نەکردوون. ساڵی ١٣٦٤ بە تەنیا منیان بردە گرتووخانەیەکی سپا لە شاری ورمێ، دوای نزیک مانگێک کە دیسان ئەو پرۆسەی لێدان و ئەشکەنجە و لێپرسینەوە بەردەوام بوو لە دادگایەکی فەرمایشیدا بە سەرۆکایەتیی کەسێک بە ناوی «حاجی ئیمانی» یەکێک لە قازییەکانی دادگەی شۆڕش، دادگایی کرام.

لەو بە ناو دادگەیەدا کە نە مافی بەرگری لە خۆم هەبوو نە مافی ئەوەم هەبوو کە وەکیلم هەبێ، لەو پەری سەرسووڕمانەوە دیتم حاجی ئیمانی دەمانچەی لە مێزەکەی دەرهێنا و لەسەر سەری ڕاگرتم و گوتی یا ئەوەی لەو لاپەڕانەدا نووسراون دانیان پێدا دەنێی و واژۆیان دەکەی یا دەنا هەر لێرە دەتکوژم. تۆ «مفسد فی‌الأرض» و دەبێ لەسێدارە بدرێی. منیش کە نە ئاگاداری نووسراوەکان بووم و نە دەشمزانی چییان لەسەر نووسراوە و چۆن باسی منیان کردوە، گوتم جا چۆن شتێک کە نە دەیزانم چییە و نە ئاگاداری هەم واژۆی دەکەم و قبووڵم دەبێ، من هیچیانم قبووڵ نییە. ئیتر وەدەرێی نام و بۆ بەندیخانەی ناسراوی ورمێ (دەریا) ڕایانگوازتم کە وامدەزانی ئازاد کراوم! چونکە بەڕاستی دوای ئەو نیزیک ساڵێک ڕاگرتنەم لە تەکسلوولی و ئەو هەمووە ئەشکەنجە و زەختی و فشارە کە گەیشتمە نێو خەڵکی بەندی لەو بەندیخانەیە وەک ڕزگار کرابم ئاوا بوو.

دوای چەند مانگێک حوکمی دادگەم بۆ هاتەوە کە بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم درابووم. بەندیخانەی ورمێ پڕ بوو لەو هاوڕێ حیزبییانە کە یا ئەو کات دەمناسین یا دواتر ناسیمن، ئێمە لەوێش هەر لە چالاکی و باسی حیزبی، بەردەوام بووین و هیچ کات بە چۆک دانەهاتین. سەرەتای ساڵی ١٣٦٥ هێنایانمەوە گرتووخانەی سپا لە پیرانشار، بۆیە ئەو کارەشیان کرد گۆیا کەسێکی حیزبی کە کارم دەگەڵ کردبوو ئیعترافی لەسەر کردبووم و دانی بە هەموو شت‌دانابوو. دوای مانگێک کە لەوێ ڕایانگرتم جارێکی تریش کەوتمە بەر ئەشکەنجەیەکی زۆر، هەتا دیسان هێنایانمەوە بۆ بەندیخانەی ورمێ و ئەمجارە دوو پەروەندەم بۆ ساز کرابوو. دوای ڕەشەمەی ١٣٦٥ بە زەمانەت هاتمەوە ماڵێ. سەیر ئەوە بوو دوای نیزیک مانگێک کە لە ماڵێ بووم و چاوەڕێ بووم بزانم زیندانەکەم چیی بەسەر دێ، لە نێو شاری خانێ گرتیانم کە بۆچی سەربازیت نەکردوە، کاتێک کە ناوت هاتۆتەوە؟ هەر لەوێ بەڕێیان کردمە عەجەبشێر و دەگەڵ ئەوەیکە دادگە بڕیاری دابوو دەبێ بچمەوە زیندان و زامنەکەشیان هەڵپێچابوو، فەرماندەی پادگانی عەجەبشێر گوتی، جارێ کاتی ئەوە نییە و ئەوە هەر بۆ شەڕ باشە. دوای تەواو کردنی دەورەی ئامووزشی و خولی ئەرتەش لە ساڵی ١٣٦٦ بۆ مەرەخسی هاتمەوە ماڵێ و ئیدی بڕیارم دا بە یەکجاری بێمە نێو تێکۆشەرانی حیزب و ئەوە ڕێک ڕۆژی شەشی مانگی شەشی ١٣٦٦ بوو.

لەو کاتەوە و تا ئێستا لە ڕیزەکانی ئاشکرا لەخزمەت حیزب و نەتەوەکەم دام و هەردەم بە هیوا و ئاواتی ڕزگاری و گەڕانەوەم بۆ زێد و نیشتمانی خۆم.

# پوختەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**(ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکێش کرا)**




**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**بەشدارانی بەڕێزی حەڤدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەمان!**

لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕبە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ کۆنگرەی (١٧)ی حیزبە تێکۆشەرەکەمان و، بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هیوادارم بە هاوکاری و یارمەتیی ئێوەی بەڕێز و بە توانا فیکرییەکانی هەموو لایەکمان، کۆنگرەیەکی پڕدەسکەوت و سەرکەوتوومان هەبێ، کۆنگرەیەک کە وێڕای هەڵسەنگاندنی سیاسەت و تێکۆشانی حیزب لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٦ و ١٧، بتوانێ بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنی بداتە ڕێبەرایەتیی داهاتووی حیزبەکەمان و هەموو ڕێڕەوانی ڕێگەی دێموکرات.

هەموومان دەزانین کە بەستنی کۆنگرە لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر حیزبێکی سیاسیدا گرینگە و، کۆنگرە گرینگترین ئۆرگانی حیزبە و بە هەنگاوێکی تەشکیلاتیی چارەنووسساز دادەنرێ. دیارە هەلومەرجێکیش کە کۆنگرەی حیزبێکی تێدا دەبەسترێ، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر بایەخ و هەستیاریی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە هەبێ. بە داخەوە سروشتی مەسەلەی کورد و چارەنووسی نەتەوەکەمان تا ئێستاش بە شێوەیەک بووە کە خەباتکارانی ئەو گەلە لە هەموو بەشەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی کات بەرنامەی سیاسی و حیزبیی خۆیان لە هەلومەرجی هەستیار و نائاساییدا دارشتوە و جێبەجێ کردوە. دیارە ئەوە ئەگەر بۆ هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دروست نەبێ، بۆ کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبەکەمان واقعییەتێکی حاشاهەڵنەگرە؛ لەبەر ئەوەی:

یەکەم، هەر وەک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرەی ١٦دا ئیشارەی پێ کرابوو، سەرەڕای خەبات و فیداکاریی بێدرێغ و بەردەوامی تێکۆشەرانی گەلی کورد بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی ئەو گەلە، ئەو فاکتەر و ئاستەنگانە کە بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگای چارەسەر، یان لانیکەم بردنەپێشی مەسەلەی کورد لە ئێران بە ڕێگەی سیاسیدا، بەداخەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتوێی بەسەردا نەهاتوە، و سەرەڕای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی کە لە دنیا و ناوچەی ئێمەدا و تەنانەت لەگەڵ پرسی کورد ڕوویان داوە، خەباتی کورد لە ئێران بۆ مافەکانی هەروا ڕێگەیەکی سەخت و دژوار دەپێوێ.

دووهەم، دۆخێکی تایبەت کە چەند دەیەیە بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە و بۆتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی و، مانەوەی ڕێبەرایەتییەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروا بەردەوامە و بەداخەوە بە هۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراوە، کۆنگرەی ١٧ی حیزبەکەمان بەبێ بەشداریی نوێنەرانی تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات دەگیرێ. حاشا لەو ڕاستییەش ناکرێ کە درێژەکێشانی ئەو دۆخە نەخوازراوە، بە شێوەیەکی گشتی شوێنەواری نێگەتیڤی لەسەر ڕێژەی بەشداریی چالاکانەی خەڵک لە ژیانی ڕێکخراوەییدا داناوە. سێیەم، یەکێک لە باسەکانی پلینۆمی نۆهەمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، باس لە بەستنی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزب و هەڵبژاردنی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە بوو کە لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا (بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی) کاتژمێر ١٠:٤٥ی پێشنیوەڕۆ، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەداخەوە ١٤ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزبەکەمان بوون. هەروەها لەو مووشەکبارانەدا پتر لە ٤٠ کەسیش لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکان بریندار بوون. بەهۆی ئەو ڕووداوە تاڵ و خوێناوییەوە، پێشنیار دەکەین کە کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبەکەمان بە «کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات» ناودێر بکرێ. هیوادارین ئەم ناوە زیاتر هانمان بدا تا بە هێز و وزەیەکی زیاترەوە درێژەدەری ڕێگای خەباتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەلەکەمان بین و بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی خوێناوی و پڕ لە کارەسات و قوربانیدانی حیزبەکەمان و سەرباری هەموو کەند و کۆسپەکان، شانازی بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە میراتگر و هەڵگری پەیامی شەهیدان و جێگای هیوای ئۆگرانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ڕێبواری ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانین. ئەوە کە ناوی پیرۆزی شەهیدان لە سەر ئەم کۆنگرەیەیە، دەبێ زیاتر هانمان بدا بۆ ئەوەی بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، ئازایانە و بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەوە کار و چالاکییەکانی خۆمان و چۆنیەتیی خەباتەکەمان هەڵسەنگێنین و بە لێکدانەوەی ورد و بەرپرسیارەتییەوە خۆمان لە جاران زیاتر ئەرکدار بکەین. هیوادارم بە ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پێشنیار و دۆزینەوەی ڕێکاری گونجاو و دروست، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و پڕ دەسکەوتمان هەبێ، تا لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەدا خۆمان بۆ قۆستنەوە و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان باشتر ئامادە بکەین. خۆ ئامادەکردنێک کە بتوانێ کاریگەریی بەرچاوی لەسەر خەباتی فرەڕەهەندی حیزب و گەلەکەمان هەبێ و بتوانین کەرەسەی پێویست و ڕێکخراوی تۆکمەی بۆ ئامادە بکەین. ئەرکی ئەندامانی بەشداری کۆنگرەیە کە بە لێکدانەوەی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێران، ناوچە و جیهاندا و بە پێشنیاری بەرنامە و پلان؛ گوڕوتینێکی زیاتر بدەینە ڕەوتی تێکۆشانی حیزب و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا. هەر لەو کاتەدا بە لێکدانەوەیەکی ورد و هەمەلایەنە تێ بکۆشین حیزبەکەمان بە جۆرێک تەیار و ئامادە بکەین کە وەڵامدەری پێویستییەکانی خەبات و ئەرک و بەرپرسیارەتییەکان بۆ ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و بە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی هەمەلایەنەی ڕووداو و فاکتەرەکان بتوانین ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەندتر و حیزبەکەمان بەهێزتر بکەین. پلان و بەرنامەکانمان بۆ ماوەی نێوان دوو کۆنگرەیە و پێویستە ئەرکە گرینگەکان بۆ کورتماوە و درێژماوە دیاری بکەین، سەرنج بدەینە خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان بۆ ئەوەی لە بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانی داهاتووماندا و، لە بازنەی بەربڵاوتری خەباتی فرەڕەهەنددا، خەباتی حیزب و جووڵانەوەکەمان ببەینە پێشێ.

### نێونەتەوەیی

لە دەسپێکی سەدەی ٢١ و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت و تەواو بوونی جەمسەربەندیی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بە ڕواڵەت وا چاوەڕوان دەکرا ململانێی بلووکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تا ڕادەیەک لە کزی بدا و ڕکەبەریی ئابووری جێگای بگرێتەوە، بەجۆرێک دنیایەکی دیکە وێنا دەکرا. بەڵام ئێستا پاش نیزیک بە ٢٠ ساڵ لە سەدەی ٢١ دەبینین جەمسەربەندییەکان بە شێوەی دیکە و بەڵام بە هەمان نەفس و تێڕوانینی ڕابردوو شکڵیان گرتۆتەوە و شەڕی بەرژەوەندییەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرەوڕووی زۆر ئاسۆ و سێناریۆی ناڕوون کردۆتەوە.

لە هەلومەرجی زاڵ بەسەر نەزمی نوێی جیهانیدا ڕێژیمی ئێران تا ئێرە زۆرترین سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام وا شیمانە دەکرێ دەستێوەردانی حکوومەتی ئێران لە کاروباری وڵاتان، فشاری سیاسی و ئابووریی دەرەوە و ناوەوە لەسەر ڕێژیمی ئێران، لە درێژخایەندا کاریگەریی نەگەتیڤی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتە بەدواوە بێ.

### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە، وەک گرێدانی سێ قارەی ئاسیا و ئوورووپا و ئەفریقا، دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی زۆر و زەوەند، شوێنی سەرهەڵدانی سێ ئایینی یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام کە مێژوویەکی دوور و درێژ و خوێناوییان لەگەڵ یەکتر هەیە. مەزهەبی شیعە بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە مەرجەعی زۆربەی شیعە مەزهەبەکان، ئەوەش وای کردووە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستی کراوەتریش بێ بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان لە ناوچەکەدا. هەروەها لەبەر ئەوەش لە نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هیچ شێوەیەک ئیرادەی گەلان خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، بە زۆری بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی وڵاتی زلهێزی خاوەن بەرژەوەندیی لەبەر چاوە. ئەو ناوچەیە ئێستاش چەقی ئاڵۆزی و کێبەرکێیەکانە؛ بەڵام بۆ ئەوەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگەن، پێویستە مافی گەلان و پێکهاتەکان بەپێی ویستی خۆیان و بەپێی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین بکرێ و کۆتایی بە دەستێوەردانی نابەرپرسانەی دەرەکی بهێندرێ.

### شوێنەواری کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام

بەرجام ڕێککەوتنێک بوو لە پاش دوو ساڵ وتووێژی چڕوپڕ ئیمزا کرا، بەڵام سێ ساڵ دوای ڕێککەوتنی بەرجام سەرەنجام ئامریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام کشایەوە. کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام دەتوانێ چ شوێنەوارێکی لەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران هەبێ؟ ئەوەی ڕوونە تا ئێستا کشانەوەی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامیی تووشی گەلێک کێشە و قەیرانی قووڵی سیاسی و ئابووری کردووە، بەڵام سیاسەتی دژە گەلی و جۆری مودیریەتی قەیرانەکان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆتە هۆی ئەوە کە دووکەڵی ئەو گوشارانە پتر بچێتە چاوی خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی وڵات و ئاسەواری خراپ لەسەر ژیانی خەڵک دابنێ.

هەروەها وا پێشبینی دەکرێ ڕێژیمی ئێران بەهۆی گوشاری سیاسیی دەرەکی، قەیرانی ئابووری و نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیدا بێ، دوو هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی کە پێیوەندییان بە لایەنی ئابوورییەوە هەیە، واتا گوشار و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکا وەک گوشاری دەرەکی و دارمانی ئابووریی وڵات وەک هۆکاری نێوخۆیی دەتوانێ ڕێژیم تووشی قەیرانی جیدی بکەن، بەڵام هەر وەک بە وردی لە ڕاپۆرتدا ئاماژەی پێکراوە، ئەمانە بەبێ هێندێک هۆکاری نێوخۆیی نابنە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئێراندا، دیارە باسی کۆمەڵە فاکتۆرێکیش کراوە کە بەدەست حکوومەتی ئێرانەوە هەیە کە دەتوانێ تا ئێستاش خەڵکی پێ کۆنترۆڵ بکا، بەڵام سەرەڕای هەموو فاکتۆرێکی نێوخۆیی و دەرەکی؛ تەجروبە نیشانی داوە کە حکوومەتی ئێران لە موقابیل فشاری دەرەکیدا لەپێناو پاراستنی ڕێژیمەکەیاندا ملبدا بە خواستی وڵاتانی زلهێز.

### ڕەوشی ئابووریی وڵات (ئێران)

بە پشتبەستن بە ناوەندی ئاماری ئێران، بەپێی ئاماری ڕەسمی و نیوەڕەسمی لە زۆربەی بوارەکانی ئابووریدا، وڵات تووشی قەیرانی جۆربەجۆری جیدی بۆتەوە، خەڵکی وڵات بە دەست هەژاری، بێکاری لە ڕادەبەدەر، ئاوسان، دابەزینی بایەخی دراوی نیشتمانی، لە کەمیدانی توانای کڕینی خەڵک و قەیران لە نیزامی بانکی و سندووقی خانەنشینان و بوارەکانی دیکە دەناڵێنن و تووشی نەهامەتی گەورە بوونەتەوە. وا لێک دراوەتەوە حکوومەت بە ئاسانی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیانی نییە. پرسی نەتەوەکان و مافەکانیان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و زۆربەی نەتەوەکان مافی نەتەوایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەئاشکرا پێشێل دەکرێ، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەو مافانە پێشێل دەکا. بەڵام ئەوەی گرینگە و لە ڕاپۆرتدا بەرز نرخێندراوە، نەتەوە غەیرە فارسەکان بە تایبەتی نەتەوەی کورد بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان دان؛ بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی و سیاسی کە ئەوە لە ئێستادا بۆ ڕێژیمی ئێران...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧

کوردستان
ژمارە: ٧٦٢
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ _ ٢١ نوامبری ٢٠١٩

گەورەترین چاڵشە.

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا و لە درێژەی مافی نەتەوەکاندا باسی بێمافیی شارۆمەندان دەکرێ، کە خەڵکی ئێران بەگشتی لەژێر سایەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا لە مافی ئازادی و دێموکراسی و هەروەها مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش کراون. شەقامی ئەمڕۆی ئێران تەژییە لە تێکۆشان و مافی ویستی پێکهاتە و شارۆمەندانی ئەو وڵاتە. هەر لەسەر کۆمەڵگە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کە ئێستا بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە، وەک بێکاری، هەژاری، تەڵاق، ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان، قەتڵ و توندوتیژی، تاوانکاری و لەشفرۆشی و لادانە جنسییەکان و خۆکوژی و پەراوێزنیشینی و وێرانییەکانی ژینگە کە بە ئامار نموونەی کارەساتبارمان نیشان دەدەن. بەتایبەت لەو بوارانەدا ژنان، لاوان و خوێندکاران زۆرترین خەسارییان پێ گەیشتووە، فشاریان خراوەتە سەر، بەڵام هیچ کام لە توێژەکان، بەتایبەت ژنان و لاوان و خوێندکاران لە تێکۆشان و هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان سڵیان نەکردۆتەوە.

### ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی

یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیم نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی و یەکگرتوویە. بەڵام لە ئێستادا بەپێی هەلومەرج جموجۆڵێک لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا پەیدا بووە، حیزب لەو پێوەندییەدا لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە لەسەر خەتە بۆ کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن. بۆ ئەو مەبەستەش تواندراوە لە دوو هاوپەیمانی بە ناوەکانی «شۆڕای دێموکراسیخوازان» و «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» کە لە چەند حیزب و لایەنێک پێک هاتوون بەشدار بێ، کە دەتوانێ ئادرەس بێ بۆ لێکتێگەیشتنی زۆرتری ئۆپۆزیسۆن. بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا حیزبی ئێمە دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ هەموو لایەنەکان بە دروست دەزانێ، بەڵام لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە دەچینە نێو هاوپەیمانیی هاوبەشەوە کە باوەڕیان بە گۆڕانی ڕێژیم و دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و فیدڕاڵییە. هەروەها دیالۆگ و دانوستان بۆ چارەسەریی پرسی کورد ڕەد ناکەینەوە و، ئەوە لەگەڵ هەر هاوپەیمانییەکدا وەک تایبەتمەندیی کوردستان پێویستە لەبەرچاو بگیردرێ.

### پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان

وەک لە ڕاپۆرتدا هاتوە، هەر چەندە شۆڤینیزمی ئێرانی و تورک و عەرەب، هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ بۆ داماڵینی شوناسی نەتەوەیی لە کورد لە هەر کام لە بەشەکان، بەڵام نەک هەر پلانەکەیان سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو ئەوە کورد بووە بە خەبات و تێکۆشان توانیویەتی وەک نەتەوەیەکی شوناسخواز؛ بوون و مانەوەی خۆی بسەلمێنێ. دوای باسکردن لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوانگە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕوونی لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان باس کراوە و، خوێندنەوە و ڕاسپاردەکانی حیزب ئەوەندەی پێوەندی بە سیاسەتی حیزب هەیە خستراوەتە ڕوو؛ بەبێ ئەوەی دەستوەردانی لە کاروباری پارچەکانی دیکە بە ڕەوا بزانێ.

لێرەدا جێگای خۆیەتی هەڵوێستەیەک لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان بکەین.

بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ناوچەکە، لەم قۆناغەدا خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاوای کوردستان ئەزموونێکی باشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە ئیدارەکردنی وڵاتدا لە خۆی نیشان دا. لەو دۆخەدا کورد بووەتە فاکتەرێکی دیار و بەرچاو لە شەڕی دژی داعش و ئەگەر نەبێتە قوربانیی پیلانگێڕیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەوە دەتوانێ ببێتە لایەنێکی دیار لە داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی سووریە و بەشێک لە مافەکانی خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان دەستەبەر بکا.

ئەوەی جێی باس و سەرنجە ئەمەیە کە وێڕای دەسکەوتی چەند ساڵەی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، بەڵام لەوێش هێزە سیاسییەکانی کورد پێویستیان بە بەخۆداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد هەیە. پێویستە بەستێنێکی سیاسیی گونجاو بۆ کار و چالاکیی هەموو هێزە کوردییەکان لە ڕۆژاوا بڕەخسێندرێ و هەموو لایەک بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست ڕووداو و مەسەلە چارەنووسسازەکاندا کۆدەنگ و یەک هەڵوێست بن.

لە ئێستاشدا کە قۆناغێکی تازە دەستی پێکردوە و شیمانە دەکرێ هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان بکشێنەوە، لە ئەگەرێکی وادا نەخش و ڕۆڵی ڕووسیە، تورکیە، ئێران و سووریە لە ناوچەکەدا زیاتر دەبێ و ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بیر لە چارەسەری کێشەکانی سووریە دەکەنەوە، کە بێگومان باس لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد وەکوو پێویست ناکرێ. لەو بارودۆخەدا پێویستە کورد وەک هێزێکی خاوەن ستراتێژی، یەکگرتووانە و بە وریایی بیر لە پاراستنی خاک و ماف و ئازادییەکانی بکاتەوە و نەهێڵێ ناکۆکییە نێوخۆییەکان ببنە هۆی لە دەستچوونی ئەو دەسکەوتانەی کە بە خوێنی هەزاران شەهید وەدەست هاتوون.

### هاوڕێیان!

هەر وەک لە ڕاپۆرتدا پێشبینی کراوە زۆری پێ نەچوو و هاوکات کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، تورکیە هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان کە بووە هۆی داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ڕۆژاوا و کوشتار و وێرانیی زۆر و ئاوارەبوونی خەڵکی ئەو دەڤەرەی لێ کەوتەوە

حیزبی ئێمە ئەو هێرشەی مەحکووم کرد و بڕیاری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە سووریەی بە هەڵنەسێنگدراو و زیانبار بۆ کوردەکان و بۆ ناوچەکەش لەقەڵەم دا. لەگەڵ نیگەرانیی زۆر لە چارەنووسی خەڵکی دەڤەرەکە، دیارە شەرڤانان بەرگرییەکی زۆر ئازایانەیان کرد و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و دەوڵەتی و تەنانەت نێودەوڵەتی هێنایە سەر خەت و؛ خەڵک بەتایبەتی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتیر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە سەر شەقام و، وێڕای پشتیوانی لە خوشک و براکانیان لە ڕۆژاڤا هێرشی تورکیەیان مەحکووم کرد و هەموو ئەوانە؛ تا ڕادەیەک کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و گۆڕانی دۆخەکە تا ڕادەیەکی هەستپێکراو داناوە.

لە ئێستاشدا هەرچەندە سیناریۆکان ناڕوونن و پێشبینی بۆ داهاتووی ئەو هەرێمە زەحمەتە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئیمکانات و هەلومەرجێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژئاوایی کوردستان بە دەستیانەوەیە و تێیدان؛ دەزانین ڕێگا و مەجالی مانۆڕدانی زۆریان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام تا ئێرە باشیان کار کردوە و توانیویانە ئۆگرییەکی زۆری خەڵک و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و دەوڵەتان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

ئێمە هیواداریــن بە فشاری کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتی و ئیقداماتی عەمەلی لە سەر چۆنیەتیی پاراستنی ناوچەی ئارام لەو سنوورە بەتایبەتی بە هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی و بەرگریی کوردەکان و پشتگیریی دەوڵەتانی خاوەن بڕیار لە ناوچەدا، لە دەستووری داهاتووی سوورییەدا کە کار بۆ نووسینەوەی دەکرێ؛ مافی دێموکراتیک و سیاسیی هەموو پێکهاتەکان جێگیر بکرێ و کوردیش مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی دەستەبەر بکرێ.

### ڕوانگە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئامانجی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕوونی هاتووە کە حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشێ، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندیی سیاسی و مێژوویی و جۆغرافیایی و هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لە هەلومەرجی ئێستادا، پێداگری دەکەینەوە لەسەر گۆڕینی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیزامێکی دێموکراتیکی فیدراڵ و ((دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا)).

حیزبی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا پێداگریی لەسەر هێندێک چەمک و دەستەواژەی وەک ڕۆژهەڵات تەوەری کە مەفهوومەکەی زۆر ڕوونە دەکاتەوە و بە بایەخی تایبەتییەوە لە چالاکیی پێشمەرگانە و خەباتی چەکداری و نەخشی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەڕوانێ، لەسەر بوون و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و پێناسی ئەرکی پێشمەرگە لە ئێستا و داهاتوودا پێداگری دەکا، لەگەڵ تێکۆشانی پێشمەرگانە. حیزب گرینگیی زۆر تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی لەو سەردەمەدا دەدا، بە بەشێکی گرینگی خەباتی شوناسخوازی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی دەزانێ، جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر پشتیوانی لە چالاکان و تێکۆشەرانی بواری جۆراوجۆری مەدەنی دەکاتەوە. لەسەر تێرۆری ڕەشی سیاسی ـ مەزهەبیی ڕێژیمی ئێران، حیزبی دێموکرات کە یەکێک لە قوربانیانی تێرۆری دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر چەند لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەداخەوە زیاتر لە ٢٠ کەسی لێ تێرۆر و شەهید کردووین، حیزبی دێموکرات تێرۆر بەهەر شێوە و ناوێکەوە ڕەد دەکاتەوە و؛ ئەو پرەنسیپە دەپارێزێ کە مافی خەڵکی کوردستان ڕەوایە و بە خەبات و تێکۆشانی ڕەوا جوانترین ڕوو و ڕوخساری بە خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان داوە و، ئەو شێوازە لە خەبات درێژە دەدا.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان و حدکا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

لە پەیوەندی لەگەڵ حدک و حدکا، حیزبی ئێمە پێداگری دەکاتەوە لەسەر پرسی یەکڕیزی و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان. لە ڕاپۆرتدا بەرچاوڕوونیی ئەوە دراوە کە حیزبی ئێمە بۆ ئەو پرسە گرینگە تا ئێستا چ ئیقدامێکی کردوە و، بۆ داهاتوو چۆن دەڕوانێتە ئەو پرسە گرینگە، کە چاوەڕوانیی زۆربەی خەڵکی کوردستانە.

ئیقدامی حیزبی دێموکرات بۆ تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە کارێکی دروست و جێگای پەسەند داندراوە و هەوڵی حیزبی ئێمە بەهێزکردنی ئەو ناوەندیە و ئەمە بە ئەرکێکی پێویست لەسەر شانی هەمووان دەزانێ.

### پوختە و دەرەنجام:

لە ڕاپۆرتدا گۆشەیەک لە کار و چالاکیی ئۆرگانەکانی حیزبمان خستە ڕوو بۆ ئەوە وێڕای ڕێزگرتن لە ماندووبوونی هەموو هاوڕێیان، خاڵە باش و لاوازەکانیش باس بکەین و مەجالێک بڕەخسێنین بۆ ئەوەی هاوڕێیان تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر تێکۆشانی ئۆرگانەکانی حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەی حیزب بخەنە ڕوو. لە بەشی کۆتاییدا بە پێویست دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا تەنانەت پێش کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ی حیزبیش لەنێو تەشکیلاتی حیزبدا تێبینی لەسەر شێوەی مودیریەتی حیزب هەبووە و تەنانەت باسی مودیرییەتی حیزب زۆر جار لە دەفتەری سیاسی و لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیشدا کراوە. هەروەها بۆ چارەسەری گونجاو چەند جارێک هەیئەت پێک هاتوە و ڕاپۆرتیش دراوەتەوە بە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی؛ بەڵام لە جێبەجێکردندا بەو جۆرە نەبووە کە وڵامدەری چاوەڕوانیی تەشکیلات و کار و چالاکیی حیزب بێ.

لە ڕاستیدا چۆنیەتیی هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی ١٦ی حیزب و دەست لەکارکێشانەوەی سکرتێری حیزب لە بەرپرسایەتی و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لەو ماوەیەدا، زۆرتر بوو بە باس و خواسی هاوڕێیان لە مودیرییەت و چالاکیی حیزب. دیارە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە بایەخ و کاری حیزب و هاوڕێیانی حیزبی لەم ماوەیەدا کەم ناکاتەوە، بەتایبەت وەک باوە و دەڵێن حیزب لە تەنگانەدا جوانە، هەم لەکاتی کشانەوەی سکرتێری حیزب و هەم بەتایبەت لە دوای مووشەکبارانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، سەرەڕای ئەوەی ٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و ٨ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون و، کارەساتەکە قورس بوو، بەڵام شاندانە بەر کار و خۆڕاگری و هەماهەنگی، ئومێد و هیوای دروست کرد و لە ڕاستیدا بەتاڵاییەک لە کارەکاندا بەدی ناکرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە لە تەواویەتی خۆیدا کە ڕووداوێک دێتە پێشێ و هەرەوەز و هیممەتی جەمعی دروست دەبێ، هەموو کێشەکان چارەسەر کراون. بۆیە دەبێ وەڵامێکی گونجاو بۆ پرسیارەکان و ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم پرسە بدۆزینەوە تا شێوەی مودیریەتی حیزبی پێ باشتر بکەین.

لە کۆتاییدا و بە پێداگری لەسەر ئەوەی «یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ زامنی سەرکەوتنمانن»؛ دەڵێین:

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان!

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەتایبەتی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی!

سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، سەرچاوەی هێز و بەردەوامیی حیزبی دێموکرات!

سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی کورد کە سەمبولی خۆڕاگریی گەلەکەمانن!

سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!

سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کە بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی خۆیان ئاڵای حیزبی دێموکراتیان هەروا شەکاوە ڕاگرتوە!

سڵاو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئامادەن بۆ هەر چەشنە گیانبازییەک لەپێناو سەرخستنی بزووتنەوەی کورد و ڕزگاریی نیشتمانەکەمان!

بەرز و شکۆدار بێ ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبەکەمان!

***



## چەند خاڵی بەهێزی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان



مادیح ئەحمەدی

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نەریتێکی دێموکراتیک ڕۆژانی ١٠ و ١١ی نۆڤامبری ئەمساڵ، کۆنگرەی ١٧یەمی خۆی لەژێر دروشمی «یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ، زامنی سەرکەوتنمانن» بەڕێوە برد. بێگومان ئەم کۆنگرەیە لە فرە لایەنەوە قسە هەڵدەگرێ و وەک هەموو ڕووداو و پێشهاتێکی سیاسیی دیکە، خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی هەیە. هەڵسەنگاندنی فرەڕەهەندی و قسە لەسەر کۆی بابەتە پێوەندیدارەکانی ئەم کۆنگرەیە، کات و دەرفەتێکی زۆری گەرەکە کە بێگومان لەم وتارەدا ناتوانین بپڕژێینە سەر هەموویان. لەگەڵ ئەوەی ئەم کۆنگرەیە وەک زۆر پێشهاتی سیاسیی دیکە، ڕەخنە هەڵگرە و دەستنیشان کردنی کەموکووڕییەکان بە کارێکی پێویست ئەزانم، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەم کورتە نووسینە، ئەوەیە کە لە چەند خاڵدا تیشک بخەمە سەر چەند تایبەتمەندیی ئەرێنیی کۆنگرە کە هەندێکیان ئەکرێ بە سەرکەوتنی گەورەیان دابنێین.

یەکەم: وەک هەموومان ئەزانین، سیاسەتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی خۆی (بەتایبەتی لە چاو دوو دەیەی ڕابردوو)، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی تێدا پێک هاتوە و پانتای هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر نەیارانی فراوانتر کردوە و لەم پێناوەشدا لە هیچ کردەوەیەک سڵ ناکاتەوە. لەم ڕووەوە، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەوەی لە دەستی هاتبێ لەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێغی نەکردوە. تەقینەوەی شەوی یەلدای (٢١ی دێسامبری ٢٠١٦) لە بەردەم بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێرۆری ناجوامێرانەی کاک قادر قادری، فەرماندەی ئازا و بەباوەڕی دێموکرات لە ٧ی مارسی ٢٠١٨دا و کارەساتی مووشەکباران کردنی قەڵای تێکۆشەرانی دێموکرات لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨دا، لەو کۆمەڵە ڕووداوانەن کە سەلمێنەری ئەوە ڕاستییەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی تایبەتی ئەمنیەتیدا بڕیاری گرێدانی کۆنگرەی ١٧یەمی خۆی دا.

لە وەها هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی گوشاری ئەمنیەتی و سیاسی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ڕێگا لە بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە بگرێ و یان لە کاتی کۆنگرەدا، پەلاماری تێکۆشەرانی دێموکرات بدا و شوێنی کۆبوونەوەکە بکاتە ئامانج، بڕیاری بەڕێوەبردنەکەی بڕیارێکی بوێرانە بوو. بە دیوێکی دیکەدا کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەکە، وەڵامێکی گەورە بوو بەو گوشارانەی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ حیزبی دێموکرات.

دووەم: خاڵێکی بەهێزی دیکەی ئەم کۆنگرەیە، خۆی لە پەسەند کردنی کۆمەڵێک بڕیاردا ئەبینێتەوە کە پێموایە وەک دەقێکی بەهێز، کە هەڵگری چەند پەیامی سیاسیی گرنگە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا ئەمێنێتەوە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زۆر جار کۆمەڵێک پرسیار لەمەڕ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و ڕوانینی بۆ شێوازەکانی خەبات، خوێندنەوەی بۆ ڕووداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونیەتیی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی تاران و ... لە لایەن کەسانی خاوەنڕا و زۆر جار ڕەخنەگرانی حیزبەوە هاتووەتە ئاراوە و، سەرنجی ئەندامان و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و، تەنانەت زۆر جاریش بابەتی کۆڕوکۆبوونەوە نێوخۆییەکانی حیزبیش بوون. کۆنگرەی ١٧یەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ڕووەوە، بە پەسەند کردنی کۆمەڵە بڕیارێک، وڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی دایەوە و بە جۆرێک ئەکرێ بێژین ئەو دەقە یارمەتی بە دروست بوونی تێگەیشتنێکی واقیعبینانە لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات ئەدا و هەروەها بەرچاوڕوونیی پێویستیشی بە ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەکە داوە، کە لە چوارچێوەی ئەو بڕیارانەدا سیاسەت و بەرنامە کارییەکانی حیزب جێبەجێ بکا.

سێیەم: نەریتی ئازادیی ڕادەربڕین و دەستەبەر کردنی ئەو مافە بۆ ئەندامانی حیزبی، یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە حیزبی دێموکراتی پێ دەناسرێتەوە و بەخۆشییەوە ئەم تایبەتمەندییەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی بەسەر باس و بابەتەکانی کۆنگرەکەوە هەبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو حیزبگەلەی کە خاوەن پێکهاتەیەکی نەریتین و مەرجەعێکیان بۆ بڕیار دان و بیرکردنەوە هەیە، هیچ مەرجەعێکی تایبەتی بۆ بیرکردنەوە و بڕیار دان نییە و بڕیار و بابەتەکانی بەرهەمی باس و گەنگەشەی نێو ئەندامان و بیروبۆچوونە جیاوازەکانە. ئەم تایبەتمەندییە کە ئێستا هەست ئەکرێ بووەتە کولتوورێکی سیاسی، لە کۆنگرەی ١٧یەمی حیزبدا بەرچاوتر و بەهێزتر بووە. بە دیوێکی دیکەدا، ئەکرێ بێژین ئەم کولتوورە سیاسییە میکانیزمی بڕیاری بەکۆمەڵ لە حیزبدا بەهێزتر دەکا و بەجۆرێک ڕوخساری حیزبی لە نێوخۆ و لە دەرەوەش جوانتر کردوە. هەروەها ئەم تایبەتمەندییە، بووەتە هۆی ئەوەی بە ئاسانی بتوانین حیزبی دێموکرات لەو حیزبگەلەی کە تێیاندا مەرجەعیەتی سیاسیی باڵادەست و بڕیاردەرە جیا بکەینەوە. لەم سۆنگەیەوە، پێم وایە کۆنگرەی ١٧یەمی حیزبی دێموکرات، یارمەتی زیاتری بە گەشەکردنی ئازادیی بیروڕا و ئەم کولتوورە سیاسییە دێموکراتیکە کرد.

لە کۆتاییدا، ماوەتەوە بێژم کە قسەکردن لەسەر کۆی خاڵە باش و لاوازەکان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە و ئەوەی کە من لێرە تەنیا قسەم لەسەر سێ خاڵ کردوە، بەو مانایە نییە کە لایەنەکانی دیکەی کۆنگرەکە قسە و ڕەخنە هەڵناگرێ. هیوادارم بتوانین خاڵە بەهێزەکان بپارێزین و بەهێزتریان بکەین و لە ڕەخنە و کەموکووڕییەکانیش ئەزموون وەربگرین.

# خالید عەزیزی: ژیانی حیزبی دێموکرات و مانەوەی ئەم حیزبە لەسۆنگەی فیداکاریی پێشمەرگە بووە، ئێمە سەربەرزین بە پێشمەرگەکانمان و دەڵێین کە هەموومان پێشمەرگەی دێموکراتین

## (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی کۆتایی کۆنگرەی ١٧)



**ئەندامان و پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

بەخۆشییەوە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەسترا بەپێی دەستووری کارێک کە هەبوو کۆتایی پێهات و ئەو کۆنگرەیە لە تەواوی برگەکانی کاری ڕۆژانەی خۆیدا بەسەرکەوتوویی توانی کارەکان بەرێتە پێش. کاتێک باسی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین تەبیعەتەن هەوراز و نشێو لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا قۆناغی جۆراوجۆر تا گەیشتن بە لووتکە و زۆرجار تەنانەت زەربەی گەورەش لە ئێمە دراوە، بەڵام هەر هەستاوینەتەوە. ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات و دەربەدەری و هەندەران، مێژووی ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی بە ڕێبەرانییەوە ئەوەندە جۆراوجۆر بووە، بۆیە قسە کردن لە کۆنگرەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە زۆر بوارەوە سەرنجڕاکێش بێ. یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێکرد، کۆنگرەکانی دیکە لە ئیدامەی خۆیاندا بە دوکتور قاسملوو گەیشتنە لووتکە، دوکتور شەرەفکەندیش هەر لە درێژەی دەسپێک و لووتکەوە لەو شەرایەتە ناخۆشەدا ئیدامەی دا. بۆیە کۆنگرەی ئێمە تێکەڵاوێکە لە یادی ڕێبەرانمان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی، بەرهەمی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدە، بەرهەمی تێکۆشانی سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگەیە، بەرهەمی خۆڕاگری و خەبات و تێکۆشانی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتە کە بەشێکیان سەربازی وندن، ئەگەر نەیانتوانی لێرە لە کۆنگرەدا حزوورییان بێ لەگەڵ ئێمە، بەڵام لەوێ بە شێوازی جۆراجۆر ئەو حیزبەیان سەربەرز ڕاگرتووە و، دیسانیش کۆتاییان نەکردوە پەیام و تێبینیی خۆیان ناردووە بۆ کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم کۆنگرەیە مەعنایەکی تایبەتی دیکەشی هەیە کە بڕێک جیاوازی دەکاتەوە لە هەندێک لە کۆنگرەکانی پێشوو بە پێڕەوی لە ئێستای ژیانی سیاسیی ئێمە. ئەم کۆنگرەیە بە ناوی کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ناودێر کرا، لە شەرایەت و زرووفێکدا گیرا کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات دەوری ساڵێک و دوو مانگ پێش لە ئێستا بە مووشەک هێرشی کرایە سەر و، لە ئاکامی ئەو هێرشە مووشەکییەدا پۆلێک لە هاوڕێیانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون. هەرچەند لەم کۆنگرەیەدا ئەو هاوڕێیانە جێگایان بەتاڵ بوو بەڵام بیر و باوەڕی ئەوان و بیرۆکەی ئەوان بەهێز بوو. هەر بەدوای شەهیدانی قەڵا ئیرادەیەک لەو حیزبەدا دروست بوو کە توانی بڕیار لە ئیدامەی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا بەهێز بکا ئەگەر زەربەی قورسیشی لێ بکەوێ. ئێمە لە قۆناغێکدا کۆنگرە دەگرین و کۆنگرەمان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شێواوییەکی بەریندایە، تەنانەت ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی تۆکمەیان هەیە لە دەوروبەرمان، لە زۆر بواردا ئەمنیەتێکی تەواویان نییە تەنانەت زۆر لایەن هەن ڕەنگە لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا مەوقعیەتیان لە ئێمە باشتر بووبێ بەڵام وا بەڕاحەتی کۆنگرەیان بۆ نەگیراوە. هەموو ئەو پێداهەڵکوتنە بە خۆمان و بە کۆنگرەی خۆمان پێداهەڵکوتن بە ئیرادەیەکە، بەبڕیارێکە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر یەک ئەو بڕیارەیان بەدرێژایی ژیانی ئەو حیزبە داوە. ئەگەر لێشمان بدەن، زەرەری قورسیشمان پێبگەیەنن و بۆخۆیان پێیان وابێ شکستیان داوین، نا ئێمە لەو مەیدانەدا هەڵدەستینەوە و هەستاوینەتەوەش. جا ئەگەر وایە حیزبێک ئەو ئیرادەیەی لە ڕابردووەوە لەپشت بووبێ، بێگومان کاتێک لەگەڵ قەیرانی ئاوا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کاتێک زۆر لایەن لە بواری ئەمنیەتییەوە دەبنە هەڕەشە لەسەری، مەبەست لە زۆر لایەن تەنیا موئەسساتی کۆماری ئیسلامییە. بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، بە دەزگا ئەمنیەتییەکانیەوە، بە سیستمی سایبری و هەموو ئەوانەوە کە لە سۆنگەی ئەمنیەتییەوە هەڕەشەیەک بوون لەسەر ئێمە. بەڵام لە بەرامبەر ئیرادەی بەهێزی ئێمەدا نەیانتوانی هیچ بکەن. بۆیە گەورەترین سەرکەتنی کۆنگرەی ئێمە ئەوەیە کە لەو کەش و هەوایەدا، توانی پۆلێک لە هاوڕێیانی حیزبی لێرە و لە دەرەوەی وڵات لەدەوری یەک کۆ بکاتەوە و بەیەکەوە لەسەر چارەنووسی حیزبەکەمان، لەسەر داڕشتنی سیاسەت و، داهاتووی حیزبەکەمان مەشوەرەت بکەین و بۆ جارێکی دیکە هەموومان پەیمان نوێ بکەینەوە، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیعتباری ڕابردووی، نفووزە جەماوەرییەکەی لە نێوخۆی وڵات، وردبینی و سەرنج و هەستی بەرپرسایەتیی کادرەکانی؛ ئەو حیزبە نییە بەو زەربانەی کە کۆماری ئیسلامی لێمان دەدا بە چۆکدا بێ و تەسلیم بێ، نا قەت وا نییە. هۆکاری هەیە ئەو نا گوتنە، یەک لە هۆکارە هەرە بەهێزەکان ئیرادەی خۆمانە و هۆکاری دووهەممان ئەوە بوو پاش هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئێمە، خەڵکی بەئەمەگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم هەموو ئەوانەی کە بە پەرۆش بوون، بۆ داهاتووی ئەم جووڵانەوەیە بۆ داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئێران لە ماڵەکانی خۆیان مانەوە، ئێعترازیان بە کۆماری ئیسلامی کرد و، پەیامێکی بەهێزیشیان بۆ ئێمە نارد، گوتیان ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵتانین، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، حیزبی هەزاران هەزار شەهید و حیزبی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کە لە بەرامبەر مووشەکیشدا ڕاوەستان و بە چۆکدا نەهاتن. ئەوە فاکتۆری بەهێز و بەرزی ئەو کۆنگرەیە بوو، ئەوە دەستەبەری ئەوە دەکا کە ئەو حیزبە بە ئیعتباری هەموو ئەوانە لە مەیداندایە و لە مەیداندا دەمێنێتەوە و، بە ئیعباری مەوقعیەت و نفووزێک کە هەیەتی لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تێدەکۆشێ لە سیاسەتە گەورەکاندا گەورە بێ و لەو شوێنانەی پێویستە جێگە و پەنجەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ بکا و سەقامگیری بکا.

جیاواز لەو ئیرادە بەهێزە، جیاواز لەو ئەرکەی کە لەسەر شانی ئێمە داندراوە و ئێمەش ئەمەگناسانە بەڕێوەمان برد و تەحەممولی زۆر مەترسیمان کرد. تەبیعەتەن ئەو کۆنگرەیە لە بواری تەداروکاتی و پێڕاگەیشتنەوە، دیسانەکانە بەرهەمی کار و تێکۆشانی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب بووە؛ هەر ئۆرگانێک بە شێوەی خۆی و لە جێگای خۆیدا. بۆیە جێگای خۆیەتی لێرە من لە لایەن هاوڕێیانەوە سپاسی هەموو ئۆرگانەکانی حیزب تاک بە تاک بکەم کە لە ماوەی بەستنی کۆنگرەدا لە ڕۆژی یەکەمەوە تا کۆتایی هاتنی کۆنگرە ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیان بوو، وەک حیزبێکی موتەعەهێد جێبەجێیان کرد و بەڕێوەیان برد.

پێش کۆنگرە لەو کەشوهەوا ئەمنیەتییەی کە بەسەر ئێمەیاندا زاڵ کردبوو و کۆماری ئیسلامی پەیتاپەیتا دیویست فەزایەکی ناخۆشی ڕەوانی بۆ ئێمە دروست بکا، کومیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی. ئەندامانی دەفتەری سیاسی، هەر هەموویان بەوەوە ماندوو بوون کە ئێمە بچینە کۆنگرەیەک وردبینی لە هەموو بوارێکدا کرابێ. بۆیە جێگای خۆیەتی زۆر زۆر سپاسی کومیتەی ناوەندیی پێشوو، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و بەتایبەت زۆر سپاسی هاوڕێی تێکۆشەرم کاک مستەفا مەولوودی بکەم کە زۆر باش شانی وەبەردا و مەسئوولانە و مەعقوولانە جووڵاوە. هەموو ئەوانە بەیەکەوە توانیان ئەو زەمینە لەبارە دروست بکەن کە کۆنگرەی ئێمە کاتیک کۆ ببووینەوە بە هەستی ئارامش و ئەمنیەتەوە لەوێدا بتوانین لەگەڵ یەکتر قسە بکەین.

جیاواز لە هەمووی ئەوانە بەخۆشییەوە کۆنگرەی ئێمە لە بواری سیاسیشەوە ئاگاداری دۆخی سیاسی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و هەروەها پرسی کورد وەک نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بۆیە ئێمە لە ماوەی کۆنگرەدا لە باسێکی چڕوپڕدا تێکۆشاوین لەگەڵ یەکتر بەیەکەوە بۆچوونە جیاوازەکان کۆ بکەینەوە و بیکەین بە پردێکی بەهێز بۆ ئەوەی حیزبەکەی ئێمە لە داهاتوودا بتوانێ لە هەموو ئەو بوارانەدا سیاسەت بکا.

کۆنگرەی ئێمە کۆنگرەیەکی دێموکراتیک بوو، باسەکانی ئێمە لەنێو کۆنگرەدا هەر ئەوە بووە کە لە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە بەژنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕاوە. واتە لە کۆنگرەکاندا بە شێوەیەکی ئازاد و دێموکراتیک قسە دەکەین، جیاوازییەکان دێنینە بەرباس، بەڵام کاتێک کۆنگرە تەواو دەبێ، کار و تێکۆشان و بەرپرسایەتی و دەست جێبەجێ کردنی بڕگەکانی کۆنگرە لە بواری جۆراوجۆردا پێدەکا. ئێمە هەموومان بە خۆشییەوە لە کۆنگرەدا ئەوەمان ڕاگەیاند کە بەیەکەوە لە ئاست جێبەجێ کردنی بڕگەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٧دا، تێدەکۆشین بە ئیحساسی مەسئوولیەتەوە کار بکەین و، هەر ئەوەش لە ئێمە دێتەوە. چۆن توانیمان بەیەکەوە خەسارەتی ڕەوانی و تەشکیلاتیی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات تا ڕادەیەکی زۆر ساڕێژ بکەینەوە، دڵنیام بەیەکەوە دەتوانین لە ماوەی ساڵانی داهاتوو هەتا کۆنگرەی ئایندە، ئەو حیزبە دەوڵەمەندتریش بکەین. ئەمن لەوە دڵنیام هەموومان بەیەکەوە و بە هاوکاریی یەکتر، چون حیزبی ئێمە بەخۆشییەوە پیانسیێلی ئەوەی هەیە و نیشانی داوە ئەوە عەمەلییە و دەگونجێ.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەنجەرەی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەو پێوەندییەدا سیاسەتی ئێمە لە هەر شوێنێک و لە هەر جێگایەک لە بوعدی دیپلۆماسی و پێوەندیی نێودەوڵەتی، ئەگەر دەرگایەک بۆ حیزبی دێموکرات بکرێتەوە، تێدەکۆشێ لەو بوارەدا دەنگی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنە بگەیەنێ و، تێدەکۆشێ ئەو پەیامە بگەیەنێ کە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر ئێراندا دێ بە شەڕ، ئاشتی و ئاڵوگۆڕی دیکە؛ ئەوەیان لەبیر بێ ئێران ئەمنیەت و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێ ئەگەر کێشەی نەتەوەی کورد لەم وڵاتەدا چارەسەر نەکرێ. ئەگەر قەزییەی نەتەوەی کورد لە ئێراندا لەبەرچاو نەگیرێ ئەوە یەکێک لەو شتە ئۆسوولیانەیە کە بەخۆشییەوە کۆنگرە تەئکیدی لەسەر کردەوە. هەر لەو پێوەندییەدا کۆنگرە پێداگریی لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە تێبکۆشین وەک نەتەوەی کورد و لایەنەکانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران، کاتێک لەگەڵ لەیەنە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان قسە دەکەین، لەوێش هەر ئاوا هەڵسکەوت بکەین. هەڵسوکەوتی ئێمە لە گەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان ئەوەیە چەندوچۆنیی دەربەست بوون و بڕیار و بەڵێنییەکانی ئەوان بە نیسبەت چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیەک لە داهاتووی ئێراندایە. ئەوە بەردی بناغەی ئێمەیە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. هەروەها ئێمە تەئکیدمان کردەوە، تێدەکۆشین تەواوی ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان بە دۆست چاو لێ بکەین مادام لەدژی کۆماری ئیسلامی لە خەبات و تێکۆشاندان. بەڵام دۆست بوون پێشەکییەکە، کە شۆڕ دەبینەوە ڕادەی ڕێککەوتن و بەڵێنییەکان و کاری هاوبەش لەگەڵ هەر کام لەوانە دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی ئیعترافی ئەوان بە پرسی ئێمە و ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ ئەوان.

کۆنگرە لە خانەی گرینگی دان بە یەکڕیزی لەنێو ماڵی کورد تەئکیدی کردەوە بەخۆشییەوە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئێستاش هەر ئەوە بووە، لانیکەم لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریدا چوار حیزب هاوکاری یەکتر دەکەن، ئەوە بەهێز بکەین، واریدی فازی ئەوە بین کە ئێمە بەیەکەوە باشتر تەحەمولی یەکتر بکەین. بەو جۆرەی کە هەین یەکتر تەعریف بکەین و هەموومان بەیەکەوە لە هەموو بوارەکانی پێوەندیدار لە چەندوچۆنیی هیدایەتی خەباتی نێوخۆی وڵات، لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە زۆر بواری دیکەدا گوفتمانێکی هاوبەشمان هەبێ، بەڵکوو بەیەکەوە سەرکەوتوو بین و؛ ئادرەسێکی بە قووەت لەلایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین.

هەڵوێستی کۆنگرە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پێزانینی خۆی بۆ تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی، خەباتکارانی جەماوەری، تێکۆشەرانی بواری جۆراجۆری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. لە هەمانکاتدا تەئکید و کاری ئێمە لەسەر نێوخۆی وڵاتە و بەتایبەت مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەڵام وەدەنگ هاتنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بۆ پشتیوانی کردن لەو ڕووداوانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دێنە گۆڕێ؛ بە ڕێزەوە باسی لێ کرا و بەوە زانرا کە ئەوە ئاستی بەرزی فام و شعووری نەتەوەیی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێ. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو ئەرکەشی هێنا گۆڕێ کە ئێمە تێبکۆشین لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک نەتەوەیەک نەهێڵین کۆماری ئیسلامی بە کەممان بزانێ. کۆنگرە لەسەر ئەوەش تەئکیدی کردەوە ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان هەیە کە جۆراوجۆریی نەتەوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد و، بەیەکەوە وەک نەتەوەیەک بەرەوڕووی هەر ڕووداو و هەر مەسەلەیەک کە لە نێوخۆی ئێران و لە تاران دێتە گۆڕێ، ببنەوە.

کۆنگرە هەروەها کار و تێکۆشانی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە دژین، بەرز نرخاند. ئەو جەمعە لە هاوڕێیانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە زۆر بواردا بەتایبەت بوارە ناخۆشەکاندا کە حیزبی ئێمە پێویستی بەوە بووە بە پشتیوانییەکی زۆرتر ڕووبەڕووی پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بێتەوە، لەگەڵمان و پشتیوانمان بوون. هەر بۆ ئاگاداریی ئێوە بەخۆشییەوە ئێمە خاوەنی حیزبێکین جیاواز لەوەی کە شوێنی چالاکیی ئێمە، زۆربەی زۆری ئەندامانی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتە، بەڵام ئەو پۆلە لە هاوڕێیانی ئێمە کە لە دەرەوەن، لەو ماوەیەدا لە تێکۆشانی خۆیان کۆتاییان نەکردوە و، توانیویانە دەورێکی زۆریان هەبێ. بۆیە لە کۆنگرەشدا بە هەستی بەرپرسایەتی و سۆزی نەتەوەیی و حیزبی هاتبوونەوە کوردستان و بەشدارییان کرد. ئێمە کار و چالاکیی ئەوان بەرز دەنرخێنین و هیوادارین لە داهاتووشدا لە هەموو بوارەکاندا ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن.

کۆنگرە بە پێزانین و هەستی بەرپرسایەتی و هەروەها بە تێگەیشتنێکی زۆر بەهێز، ئەرزش و فیداکاری و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ناو ڕابردووی ئەوانی هێنایە بەرباس. کاتێک دەڵێین پێشمەرگە ئەوەمان لەبیر بێ ناوی پێشمەرگە و ئەو هێمایە کە ماوەتەوە دەسکەوتی کۆماری کوردستانە، دەسکەوتی ڕاستەوخۆی حیزبەکەی ئێمەیە. بۆیە کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە و گرینگی و ڕۆڵ و دەوری پێشمەرگە دەکا جیاواز لە ئەرکی نەتەوایەتییەکەی ئەرکێکی حیزبیشە. کۆنگرە زۆر بە بایەخەوە گرینگیی بەوە دا، چون ژیانی حیزبی دێموکرات و مانەوەی ئەم حیزبە بە دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەرگریی حیزبی دێموکرات و هیدایەتی ژیرانەی ڕێبەرانی حیزبی بووە، بە فیداکاریی پێشمەرگە بووە کەم گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە یا کەم شار هەیە کە گۆڕی پێشمەرگەیەکی لێ نەبینی. ئەو گۆڕانە و ئەو ناوە ونانە بەشێک لە مێژوو و پێناسەی نەتەوایەتیی حیزبی ئێمەیە. بۆیە پێشمەرگە لای ئێمە هەروا بەو ئیعتبارەوە چاوی لێدەکرێ، بۆ جارێکی دیکەش سەربەرزین بە پێشمەرگەکانمان، سەربەرزین بە خەبات و تێکۆشان و، سەربەرزین بە مانەوەیان؛ هەموومان پێشمەرگەی دێموکراتین.

بڕگەی کۆتایی کۆنگرە هەڵبژاردن بوو. هەموو کۆنگرەکانی ئێمە کە دەگاتە کۆتایی بە هەڵبژاردن تەواو دەبێ. هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە دیسان بە مەشوەرەت و لێکدانەوە، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێرینەوە و کاری پێ بسپێرین. بەخۆشییەوە کۆنگرە لە برگەی هەڵبژاردندا توانی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرێ و، تا ئەو جێی پێوەندیی بە دەرەوە هەیە بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیانی دەرەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کردوومانە، تێدەکۆشین لەوێش یارمەتیدەر بین بۆ ئەوەی کە چۆن بتوانین کومیتەی دەرەوە بە شێوەیەک ساغ بکرێتەوە، بە شێوەیەک دیاری بکرێ کە وەڵامدەری نیازەکانی تەشکیلاتی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی و کۆمەڵایەتیی هەزاران ئەندامی حیزبی دێموکراتە کە لە دەرەوەی وڵاتە و، نوێنگە و سوێنگەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات بێ کە چالاکیی جۆراجۆری هەیە. ئێمە لەسەر ئەوەش کار دەکەین و لە داهاتوودا جێبەجێی دەکەین.

کاتێک کۆنگرە پۆلێک هەڵدەبژێرێ بۆ کومیتەی ناوەندی، ئەرکیان پێدەسپێرێ و بێگومان تەبیعەت و قانوونی هەڵبژاردن وایە هەندێکمان هەڵدەبژێردرێین هەندێکیشمان هەڵنابژێردرێین. تا ئەو جێی پێوەندیی بە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بووە، لە ڕابردووشدا ئێمە قۆناغی وامان بینیوە چ ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن کە زۆرتر کارەکەیان ئەرک و تێکۆشانە، چ ئەو کەسانەی دەنگ ناهێننەوە کە لە حیزبی دێموکرات دیسان هەر کاریان دەبێ و ئەرکیان دەبێ، چ ئەو پۆلە لە هاوڕێیانی بە ئەزموونی ئێمە کە دەورانێک لە ڕێبەریدا بوون، بەڵام خۆیان کاندید نەکردوە؛ هەموومان لە یەک نێوماڵداین، نێوماڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەو جۆرەی باسم کرد ئاوای پێناسە دەکەین. بۆیە هیچ کام لەو لایەنانە بەو مەعنایە نییە هەڵبژاردرابن و هەڵنەبژاردرابن لە کار و پێگە و کەسایەتییان کەم بووبێتەوە، هەڵبژاردن و دەنگ هێنانەوە تەنیا مێکانیزمێکە بۆ ئەوی ئێمە لە ئیدارەی ئەو حیزبە لە داهاتوودا، بزانین کێ چ کارێک دەکاو کێ چ کارێک ناکا. بۆیە دوای تەواو بوونی کۆنگرە، ئەو کۆمەڵە کەسە بەیەکەوە بەڵێنمان داوە دەست دەدین بە دەستی یەک و لە تەجروبە و ڕابردوو و کەسایەتیی یەکتر کەڵک وەردەگرین؛ چۆن کاروانی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەموو ئەو پاشخان و ڕابردووەی هەیەتی بە لووتکەی بگەیەنین. ئەمن دڵنیام حیزبی ئێمە دەتوانێ ئەو کاروانە مودیرییەت بکا و، بە تێکۆشانی خۆی حیزبەکەی بە ئاواتەکانی بگەیەنێ.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە خۆشحاڵیی خۆمان ڕادەگەیەنین کە کۆنگرە –کە زەرەبینی لەسەر بوو جۆراجۆر بەخۆشییەوە توانی سەرکەوتووانە کارەکانی تەواو کا و، هەر ئەو ئیرادەیەی کە لە پشتی بەستنی کۆنگرە بوو بەیەکەوە ئەو بەرنامەیەمان بەجێ گەیاند، ئەو ئەرکەمان جێبەجێ کرد. هەر ئەو ئیرادەیە دەتوانێ بەردی بناغەی درێژەی کار و چالاکی و تێکۆشانی ئێمەش بێ.

دیسانەکە ئێوە هەر ساغ و سڵامەت بن، هەموومان هەر سەربەرز بین، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

***

# بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی خەزەڵوەردا بەسترا، بەڵگەنامەیەکی لەژێر ناوی «بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان»دا پەسند کرد. بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە دوو بەشن، بەشی ئاشکرا و ڕوو بە دەرەوە، لەگەڵ بەشی نێوخۆیی و تەشکیلاتی.

ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو، بەشی ئاشکرا و ڕوو بە دەرەوەی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

**ئەلف. هەڵوێستمان لەبارەی کۆمەڵێک پرسی گشتیی جیهان، ئێران و کوردستان**

١) ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی جیهان لە چەند ساڵی ڕابردوودا نیشاندەری لاوازبوونەوەی مێکانیزمەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی و ڕەوتی ڕوو بە داخرانەوەی زیاتری بەشێک لە جەمسەر و دەوڵەتانی مەترەح لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا بەسەر خۆیاندایە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەنیا کاتێک ئایندەیەکی باشتر چاوەڕوانی مرۆڤایەتی و جیهان دەبێ کە بنەما و مێکانیزمەکانی هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەلەبەرچاو گرتنی ویست و بەرژەوەندیی خەڵک و پێکهاتەکانی وڵاتان بەهێز بکرێن و چیدیکە تاکڕەوی و ململانەی نێوان هێزە گەورەکان نەبێتە هۆی درێژبوونەوە و بێوڵام هێشتنەوەی قەیرانە سیاسی و ئینسانی و ژینگەییەکان. ئەمە بەتایبەتی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرینگە.

٢) سەبارەت بە فشارە نێودەوڵەتی و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، لەگەڵ ئەوە کە تێکچوونی زیاتری ژیان و گوزەرانی خەڵک بەهۆی تەحریمەکانەوە جێگەی داخە، بەڵام کۆماری ئیسلامی کە لەڕاستیدا خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتوە، بە بەرپرسیاری ئەو دۆخە دەزانین. وێڕای بەپێویست زانینی هەر جۆرە فشارێکی نێودەوڵەتی کە مەیدانی مانۆڕی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەرتەسک بکاتەوە، لەو باوەڕەداین کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا چیدیکە تەنیا خۆی لە پەروەندە ئەمنیەتییەکانی وەک پرۆگرامی ناوکی و سەقامگیریی ناوچەدا قەتیس نەکاتەوە. بەڵکوو زیاتر سەرنج بداتە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و پێکهاتەکانی نێو ئێران و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەوان بە موخاتب وەربگرێ هەتا خەباتی خەڵک بەدژی ڕێژیم لە یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ئەو نیزامەدا کاریگەرتر بێ و ئایندەیەکی ڕوونتریش بۆ گەلانی ئێران لەڕێدا بێ.

٣) هەڵوێست و سەفبەندییەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی دواییدا باشتر لە ڕابردوو ناکارامەیی و بێئیرادەیی ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و گوێگرتن لە پەیامی خەڵکی نیشان داوە. هەرلەوکاتەدا وێڕای باڵادەستیی نیهادە ئەمنیەتییەکان و ڕێبەریی نیزام لە جومگەکانی ئیدارەی وڵات و دیاریکردنی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێراندا، جیاوازییەکی جەوهەری لە هەڵوێست و ڕەفتاری باڵە جیاکانی نێو ڕێژیم سەبارەت بەو پرسانە کە بۆ خەڵک گرینگن بەدی ناکرێ. هەربۆیە بە باوەڕی ئێمە تا کاتێک جیاوازییەکی ڕاستەقینە لە ڕوانگە و ڕەفتاری لابالەکانی ڕێژیمدا نەهاتوتە پێش (شتێک کە بەدوور دەزانرێ)، پێویستە خەڵکی ئێران هەروەک لە دوو ساڵی ڕابردوودا نیشانیان داوە، هەروا کۆی ڕێژیم بە ئامانج بگرن.

/٤ کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ئەوە کە نابێ لە بەرامبەر پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران غافڵ و بێتەفاوەت بێ، پێویستە ئەولەویەتی کاری حەرەکەت لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێناسەیەکی قائم بە زات و بەشێوەی هەرچی یەکگرتووانەتر و مەیدانیتر بێ.

/٥ لەبارەی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای کورد لەو پارچانەدا و لە هەر چەشنە دەرفەتێکی پێشوەچوونی پرسەکەیان دەکەین. هەر لەو کاتەدا جەخت لەسەر یەکبوونی نێوماڵی کورد لە هەرکام لەو پارچانەدا و تەعامولی نێوان پارچەکان بە ڕوحێکی نەتەوەیی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و پێویستییە خەباتگێڕییەکانی یەکتر دەکەینەوە.




**ب. گوتاری سیاسیی حیزب**

/١ بە حوکمی ئەوە کە ڕێبەریی بەکۆمەڵ لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا ئەسڵێکی هەمیشەییە، هەرچەشنە هەڵوێستێکی سیاسیی کەلان کە نوێ بێ یان جیاوازیی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی پێشووی حیزب هەبێ، بەر لە دەربڕین و ڕاگەیاندن، پێویستە لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیدا بکەوێتە بەر ڕاوێژ و بڕیاری لەسەر بدرێ. بەرپرسانی حیزبی لە هیچ پلە و مەوقعییەتێکدا لە دەرەوەی حیزب نابێ بەپێچەوانە و جیاواز لە سیاسەتی ڕەسمیی حیزب بدوێن و بجوڵێنەوە.

/٢ بە هەموو ئەو قابلییەتانە بۆ پێداچوونەوە و زەرفیەتسازیی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەیەتی، ئەو حیزبە لەڕووی ناسنامەی سیاسییەوە میراتگری جەوهەرەی نەگۆڕی سامانی مەعنەوی و گوتاریی حیزب لە سەردەمی کۆماری کوردستان و مەودای نێوان دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بگرە تا پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و قۆناغەکانی دواتری خەباتە.

/٣ حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ خوازیاری کۆتایی هاتنی دیکتاتۆری لە ئێران و گۆڕینی کۆماری ئیسلامییە. پشتیوانی لە مێتۆدە مەدەنییەکانی خەبات _سەرەڕای نەبوونی بەستێنی واقعیی بردنەپێشی ئەم جۆرە لە خەبات لەژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا_ بەمەبەستی هێنانە مەیدانی خەڵک و بە چالش کێشانی ڕێژیمە و بەپێچەوانەی هێندێک تەفسیر کە لە هێندێک لە سیاسەت و دەربڕینەکانمان کراوە، بە مانای باوەڕ بە ئیمکانی ڕیفۆرمی ڕێژیم نییە.

٤) ڕیسالەتی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چارەسەری پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسییە. ئەمە پێشگیری لەوە ناکا کە پشتیوانی لە خواستە فەرهەنگییەکان و داواکاریی چین و توێژەکان و بەگشتی ئەو پرسانەی بابەتی ڕۆژانەی خەباتی جەماوەرین بکەین، بەڵام هەمیشە دەبێ دوورەدیمەنی ستراتژیک و نەتەوایەتیی خەباتی خۆمانمان لەبەرچاو بێ.

٥) باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتووێژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتووێژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەڕاستی بیهەوێ وتووێژ بکا، ئەوە دەبێ بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک مەرج و پرەنسیپ (وەک بەڕێوەچوونی وتووێژ بە بوونی لایەنێکی سێهەم وەک چاوەدێر؛ مەعلووم بوون و حیساب لەسەر کرانی پلە و ئیعتباری نوێنەرانی لایەنی بەرامبەر؛ وتووێژ لەسەر خواستەکانی گەلی کورد) بێ. هەر جۆرە وتووێژێک دەبێ بە ئاگاداری و لە چوارچێوەی بڕیاری ئوسووڵیی ڕێبەریی حیزبدا بێ و قۆناغی ئەسڵیی وتووێژی ڕاستەوخۆش پێویستە چەندی دەکرێ بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ پارتە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بێ.

٦) حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەخۆداچوونەوە و زەرفییەتسازیی ڕێکخراوەیی و سیاسیدا هەمیشە ڕچەشکێن بووە. سەیرکردنی ڕابردووی خەباتی خۆمان بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بەتایبەتی سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی نێوخۆی بزوتنەوە و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان شتێکی بەجێ و پێویستە. بەڵام لەو کارەدا هەمیشە دەبێ شکۆی خەبات و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەمان و ڕەوایی بڕیاری خۆڕاگریی چەکدارانە لە بەرامبەر سیاسەتی تەواوویستانە و شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی پارێزراو بێ.

٧) دێموکڕاسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکڕات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەر لەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە.

/٨ دروشمی فیدرالیزم وەک گونجاوترین سیستەم بۆ ئیدارە و پێکەوەژیان لە ئێراندا شیاوی گرینگیپێدان و کار لە سەرکردنی زیاترە. بەڵام ئەو ئەولەویەت و تایبەتمەندییەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بەندی پێشوودا باس کرا، دەستئاوەڵایی پێویستمان دەداتێ کە هاوشان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە داهاتوودا بەپێی ویستی خەڵکی کوردستان و واقعیات و مومکیناتی هەر قۆناغێک (بەبێ لەبیرکردنی جەوهەری مافی ڕەوای گەلەکەمان) بجووڵێینەوە.

٩) خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە. لە عەینی فیدرالیخوازیدا ئێمە بەپشت بەستنی زیاتر بە مانای مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک ئیرادەیەکی هەمیشە ئازاد، لەسەر گوتاری سەروەریخوازانەمان بەردەوام دەبین. هەروەها پێویستە ئەو چەمک و هێمایانەی تەعبیر لە سەروەریی گەلەکەمان دەکەن (کۆمار، نەتەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ... هتد) لە ئەدەبیاتی سیاسی و پەروەردەی هزریماندا زیاتر کاریان لەسەر بکرێ.

١٠) حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە عەینی ئەولەویەتدان بە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و درێژەدان بە پرەنسیپی ڕۆژهەڵاتتەوەری، هاوپێوەندیی نەتەوەیی نێوان پارچەکانی کوردستان (سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و لاسەنگییەکانی) بە شتێکی پێویست دەزانێ. هاوکات پێمان وایە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی و ئاجێندای خەباتی خۆی بکا و موخالفی دەستێوەردانی هەر پارچەیەک لە کاروباری پارچەیەکی دیکەداین. ڕێبەریی حیزب پێویستە لە بەرامبەر دەستێوەردانی لەم چەشنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرنامەی وا دابڕێژێ کە ئەوەندە کاریگەرییەی هەبێ کە سنوورێک بۆ ئەو جۆرە دەستێوەردانانە دابنێ، ئەوەندەش بەرپرسیارانە بێ کە گرژی و نێوان ناخۆشی لەگەڵ هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لێ نەکەوێتەوە.

**ج. حیزب و کۆمەڵگە**

١) گوتار و بەرنامەمان لەبواری ناسنامەی نەتەوایەتیدا ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە هەمەلاگیر بێ و هەموو فرەچەشنییەکانی نێوخۆی ئەم کۆمەڵگایە لەبەرچاو بگرێ. هەرچەشنە گوتار و ڕەفتارێک کە بە فەرق و جیاوازیدانان لەنێوان جۆراوجۆرییە فەرهەنگییەکانی نێو ئەم کۆمەلگەیە لێک بدرێتەوە و درزەکانی نێو کۆمەڵگە زیاد بکا، پێویستە خۆی لێ ببوێردرێ.

٢) حیزبی ئێمە پێویستە لە ڕێگای تیمی کارناسەوە بەدواداچوون و چاوەدێریی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشە و چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەتایبەتی لەبارەی پرسە ستراتژییەکان(سنوورەکانی خاک، دێمۆگرافی، ژینگە، تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان، ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی مەوادی موخەدیر، بنیاتگەرایی ئیسلامیو ... هتد) بکا و لە سیاسەتسازی و بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانیدا لەسەر بنەمای ئەو خوێندنەوە و بەدواداچوونە بجووڵێتەوە.

٣) تەشکیلاتی ئێمە پێویستە بە ڕێکاری گونجاو لە نێوخۆ و لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات پێگەی جەماوەریی حیزب فراوانتر بکاتەوە و بۆ ڕاکێشانی کەسایەتییە شوێندانەرەکان زیاتر تێبکۆشێ. بەرنامەڕێژی بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ زۆر ڕێکار بگرێتەوە و لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ وەکالەت بۆ هێندێک هەنگاوی تایبەتی بداتە دەفتەری سیاسی.

٤) ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵات (ورمێ، کرماشان، ئیلام، لەکستان) و ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات (بەتایبەتی خوراسان) پێویستە لە گوتار و مێدیا و بەڕێوەبەری و تەشکیلاتی حیزبدا ڕەنگدانەوەی زیاتریان هەبێ و لە بەرنامەڕێژیی کار و تێکۆشانمان ڕوو بەو ناوچانە تایبەتمەندییان وەبەرچاو بگیرێ. بەرنامە و گوتاری حیزب بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پێویستە لەڕووی حقوقییەوە وڵامی بۆ مافەکان و هەستیاریی نەتەوایەتیی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شار و ناوچانەی ئێران هەبێ کە لەڕووی مێژووییەوە بەشێک لە خاکی کوردستان نین، بەڵام بەشێوەیەکی چڕ کوردیان لێ دەژی.

**د. مامەڵەمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە**

١) لە بەستێنی دیپلۆماسیدا پێویستە حیزبی ئێمە بەرنامەڕێژیی ورد و بەربڵاو بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. ئێمە وێڕای پابەندیمان بە بەها سۆسیال دێموکراتییەکان وەک ئیدەئالێک بۆ ئایندەی کۆمەڵگەی خۆمان، پێویستە لە بەستێنی نێونەتەوەییدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکان بجوڵێینەوە و ئەولەویەتیش بدەینە ئەو کاناڵ و ناوەندانەی بەرهەمی مەلموسیان لە بەرژەوەندیی خەباتی گەلەکەمان لێ دەکەوێتەوە.

٢) لە مامەڵەمان لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا هاتوچۆ و گفتگۆ لەگەڵ هەموو تەیفەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بە پێویست دەزانین. بەڵام بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێز و تەیفانە، بەپێی ماهیەتی دێموکراتیکی ئەوان و لەوەش گرینگتر ڕادەی باوەڕیان بە بەڕەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا دەجوڵێینەوە. سەبارەتبەو تەیفانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە گەلی ئێمە ئەزموونی تاڵی لەگەڵیان هەیە، پێویستە پێش هەر جۆرە نزیکبوونەوە و سازانێک، ئەوان حازر بن ڕەخنە لە ڕەفتاری ڕابردووی خۆیان بگرن یا لانیکەم بە جۆرێک بدوێن و بجوڵێنەوە کە نیشانەی نەگرتنەوەبەری ئاقارە خراپەکانی ڕابردوویان دەرهەق بە گەلەکەمان بێ.

٣) لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی دراوسێی کورد لە ئێراندا (بەتایبەتی ئازەرییەکان) پێویستە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بۆ جێخستنی مەیدانداریی ڕەوای کورد لە هەموو بوار و جومگەکانی ئایندە و ئاسایشی نەتەوایەتیی کورد هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی سالم و بنیاتنەر بێ.

٤) تاکڕەویی حیزبەکان بە قازانجی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان نازانین، هەربۆیە لە بەستێنی کاری هاوبەش لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وێڕای ڕۆڵی مێحوەری و کارسازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەولەویەت دەدەینە گەشەکردنی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» بە چەشنێک کە هەم بنەماکەی بەشێوەی ئوسووڵی فراوان بێتەوە و هەم سازوکاری جیدی و بەکردەوەی لە بوارە سەرەکییەکانی کار و خەباتی هاوبەشدا (سیاسی و گوتاری، جەماوەری، پێشمەرگانە، مێدیایی، دیپلۆماسی) و ئامادەبوون بۆ قۆناغی ئینتقالیی بۆ دابین بکرێ.

٥) باوەڕمان بە زەروورەتی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە جێی خۆیەتی و کاری بۆ دەکەین. بەڵام وێڕای هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکان لەو پێوەندییەدا، پێویستە ئەو هەوڵانە لەپێناو یەکگرتنەوەیەکی هاوسەنگدا بێ. لەهەرحاڵدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی بەو پرسە نابەستێتەوە و کار لەسەر تایبەتمەندیی خۆی دەکا.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش

# گرتنی حەوت پایەگاکەی مەڵبەندی شنۆ



برایم چووکەڵی

ئاشکرایە خەبات و تێکۆشانی هەر حیزبێکی سیاسی بەبێ پاڵپشتیی کۆمەڵانی خەڵک ناتوانێ تێکۆشانەکەی بەردەوام بێ؛ حیزبێکی سیاسی دەبێ بە لانی کەمەوە بەشێکی هەرە زۆر لە داخوازییەکانی خەڵک لە بەرنامە و پێڕەوەکەیدا ڕەنگ بداتەوە.

ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوام لەنێو خەڵکدا بوون و زیاتر دروشم و سیاسەتی حیزبەکەیان بۆ خەڵک شی دەکردەوە، ئەم لەگەڵ و لەنێو خەڵک بوونە هەمیشە بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنج و هاوسۆزیی خەڵک بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستان. پێوەندیی دوو هێزی پێشمەرگە و خەڵک توانیویەتی زۆر کاری گەورە و لەبیر نەکراو لە مێژووی بەرخۆدان و خۆڕاگری لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ گەلی کورد و ئەم حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار بکا.

بەدوای شەڕی داسەپاوی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا، لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان تەنیا ڕێگەی بەرخۆدانیان بۆ مابۆوە، ئەوانیش بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ داگیرکەران دەردەبڕی، یا ڕاستەوخۆ دەبوونە پێشمەرگە و یاخود پاڵپشتی ئەم هێزە خەڵکییە. لەو پەلامارەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ سەراسەری کوردستان کرا، ناوچەی شنۆش بێبەش نەبوو لە ماڵوێرانی و کوشتوبڕەکانی. هەر جارێ گوندێک و شوێنێک دەکەوتە بەر پەلاماری هێزی دڕندەی ڕێژیمی ئیسلامی و خەڵکی زۆر گوندی ئەو دەڤەرە وەک حەڵبێ، کوێکان، سۆفیان، گوندەوێڵە و کەریزەی شکاکان و چەندین شوێنی دیکە ڕووبەڕووی قەتڵوعام و وێرانی بوونەوە. کوشتنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان لەو ساڵانەدا بووە هۆی نیشان دانی دژکردەوەی خەڵکی ئەم دەڤەرە و بۆ ئەم مەبەستەش خەڵکانێکی زۆر ڕیزی پڕلە شانازیی حیزبی دێموکرات و هێزی سمکۆیان هەڵبژارد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو مەڵبەندە هەر ڕۆژێ لە شوێنێکەوە بەرپەرچی هێرشی هێزی کۆماری ئیسلامییان دەدایەوە. هێزی ڕێژیم لەدوای داگیرکردنەوەی شاری شنۆ بەمەبەستی زیاتر جێگیر بوون لەو مەڵبەندەدا، هێزێکی زۆری لەم پێناوەدا تەرخان کرد. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم هەتا کۆتایی دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی بە کوژرانی هەزاران کەس لە سەراسەری کوردستان لە سۆنگەی شەڕی قارەمانانەی هێزەکانی دێموکراتەوە درێژەی کێشا؛ کە شاری شنۆش یەکێک لەو شوێنانە بوو.

ناوچەی شنۆ وەک هەمیشە پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە بووە. شنۆ لە ناوچەکانی نەڵۆس، حەسەنـنووران، دۆڵ و دەشتەبێڵ و سینگان پێک هاتووە. لەو شارە چووکەیەدا قارەمانانی ئەو مەڵبەندە بەدەیان و سەدان عەمەلیاتیان دژی داگیرکەران بەڕێوە برد. لەدوای گرتنەوەی هەموو ناوچەکان و دانانی چەندین پایەگا لە بەرزاییەکان و، چەندین گرووهی زەربەتی گەڕۆک لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگە ئازاکانی دێموکرات بە هاوکاریی خەڵکی دڵسۆزی ئەو ناوچەیە بڕیاریان دا زەبرێکی گاریگەر لە هێزی ڕێژیم بوەشێنن، کە تا ئێستاش تامی تاڵی ئەو زەبرە هێزی دوژمنی تاساندوە. بەو پێیە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە تیمێکی شناساییان بۆ چەندین پایەگا لە ناوچەی گەڵی گادەران بەڕێ کرد. پێشمەرگەکان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وردەکارییەکانی ئەو پایەگایانە و، هەروەها هەموو جۆرە حەرەکەت و هاتوچۆ و ئیمکانات و چەک و چۆڵی ٧ پایەگا ئەرکدار کران و، خاڵی ستراتێژی و پێکانی ئامانجی عەمەلیات لەنێو بەرپرسان و فەرماندەرانی پێشمەرگە لێک درایەوە. پاشان بە شێوەی ئوسوولیی خۆی لە شەڕدا، تیمی تایبەت بەسەر بەشی جۆراوجۆردا وەک هێرش، پشتیوانی، بریندار، شەهید، دەسکەوت و ... دابەش و دیاری کران؛ کە لە سێ بەشی سەرەکیی ڕۆژ، کاتی عەمەلیات و شوێندا دەسبەکار بن.

تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی دەڤەری شنۆ بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی گەڵاڵە کراو و، زەبر لێدان لە هێزەکانی دوژمنی گەلی کورد، ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی سەعاتی ٥ی بەیانی، توانیان هاوکات ٧ پایەگای ڕێژیم لە بەرزاییەکانی «گردەسوور» بەپێی بەرنامەی دیاریکراو بپێکن. کاتژمێری ٥ی بەیانی هەمان ڕۆژ، لە هێزی دوژمن لەو مۆڵگانە نزیک بوونەوە و هێرشیان کردە سەر ئەو شوێنانە و، دەستیان بەسەر هەموویاندا گرت و تەفروتوونایان کردن.

لە جەریانی گرتنی پایەگا و بەپێی گەڵاڵەی دیاریکراو دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات لەسەر ڕێگای هاتنی هێزی یارمەتیدەر کەمینیان دانایەوە و، لەو کەمینەدا ماشێنێکی دوژمن کەوتە کەمین و لێک بڵاو بۆوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێزی دوژمن ئاگاداری هێزی پێشمەرگە لە ناوچەدا بوو و، لە ئامادەباشی تەواودا بوو کە قارەمانانی دێموکرات توانیان لە بەرەبەیانیی ئەو ڕۆژەی مانگی پووشپەڕدا حەماسەیەکی پڕلە شانازی بۆ گەل و نیشتمان بخولقێنن و، بە خوێنی ٢ تێکۆشەری ڕێگای خەبات بە ناوەکانی شەهاب سەیادی و سەدیق ڕۆستەمنژاد لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان لە دەڤەری شنۆ بنووسنەوە.

ئەو قارەمانانە بە خوێنی دوو ڕۆڵەی نیشتمان توانیان ٧ پایەگا بگرن، نزیک بە ٧٠ کەس لەهێزی دوژمن بکوژن و دەیان چەکی جۆراوجۆر بەدەسکەوت بگرن و، بە هەزاران فیشەک بوو بە دەسکەوتی تێکۆشەرانی ڕێگەی خەبات. بەڵام ئەوەی گرینگە لە هەلومەرجێکدا ئەو عەمەلیاتە بەڕێوە چوو کە جێگەی خۆی لە دڵی نەتەوەی کورددا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کردەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە ناوچەی شنۆ و دەوروبەر زۆر کەم ڕووناکایی دەبینرا و، کاریگەریی ئەو عەمەلیاتە لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان ڕەنگی دایەوە و مێژووش لە لاپەڕەکانی خۆی جێگەی تایبەتی بۆ کردەوە. ئەم عەمەلیاتە بەهێزە لەو ساڵانەدا بەڕێوە چوو کە بێجگە لە حیزبی دێموکرات هیچ هێزێکی دیکە لە مەیداندا نەبوو کە بتوانێ لاپەڕەکانی مێژوو بەو شێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەخشێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە دانانی پایەگا نەیتوانی چارەی هێزەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیە و لە سەرتاسەری کوردستان بکا.

# سەڵاحییەتی جیهانی
# میکانیزمێک بۆ سزادانی تاوانبارانی تاوانە نێونەتەوەییەکان

**(لە پەراوێزی دەسبەسەر کردنی حەمید نووری لە لایەن وڵاتی سۆئێدەوە)**



ڕەحمان سەلیمی




> ”بە سەرنجدان بەوەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی جینایەتی جۆراوجۆریان دژی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد کردوە کە دەچنە خانەی تاوانی نێونەتەوەیی و، لە هەمان کاتدا بێ سزا مانەوەی تاوانباران لە چوارچێوەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیدا و سەرەنجام چوونە دەرەوەی ژمارەیەک لەو تۆمەتبارانە بۆ دەرەوەی وڵات، پشتبەستن بە بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەو بنەمایە ڕێگە بۆ قوربانیانی ئەو تاوانانە دەکاتەوە لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان سکاڵا دژی ئەو تۆمەتبارانە تۆمار بکەن کە سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەن بۆ ئەوەی نەتوانن لە ژێر بەرپرسیارەتیی تاوانەکانیان دەربچن“

بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی لە پێناسە سەرەتایی و نەریتییەکەیدا وڵاتانی ناچار، بە پابەند بوون بەو بنەمایە نەدەکرد و تەنیا ئیزنی پێ دەدان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دادگایی و سزای ئەو کەسانە بدەن کە هاووڵاتیی وڵاتەکەیان نەبوون و تاوانەکەیان لەو وڵاتە ئەنجام نەدابوو و، هەروەها تاوانەکە دژی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتە نەبوو؛ واتە لە دەرەوەی سێ سەڵاحییەتی پێناسەکراوی دادگا جینایییەکان بوون کە بریتین لە سەڵاحییەتی هەرێمی، سەڵاحییەتی کەسی و سەڵاحییەتی ڕاستەقینە. دەتوانین بڵێین سەڵاحییەتی جیهانی، چوارەم سەڵاحییەتی دادگا جینایییەکانە کە بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکی ڕاستەقینە لە دادپەروەری هاتۆتە کایەوە. سەڵاحیەتی دادوەریی جیهانیی ئارەزوومەندانە، سەرەتا بۆ دادگایی کردنی دزیی دەریایی هاتۆتە گۆڕێ. ماددەی ١٠٥ی کۆنڤانسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافە دەریاییەکان لە ١٠ی دێسامبری ١٩٨٢ لەمەڕ دزیی دەریایی دەڵێ: «هەر دەوڵەتێک دەتوانێ دزی کەشتی یان فڕۆکە دەسبەسەر بکا و هەروەها دەست بە سەر کەشتی یان فڕۆکە دزراوەکەدا بگرێ و دادگاکانی ئەو وڵاتە دەتوانن بەدواداچوونی قەزایی بۆ بکەن لە کاتێکدا ئەو دزییە هیچ پەیوەندییەکی بە وڵاتەکەوە نەبێ.» کەواتە لێرەدا دەوڵەت مافی بەکارهێنانی سەڵاحییەتی جیهانیی هەیە و ناچار بە پێبەندبوون بەو بنەمایە نییە. لە لایەکی ترەوە دەوڵەتان دەتوانن بنەمای ئاماژەپێکراو بۆ تاوانەکانی ژینۆساید، جینایەتی دژە مرۆیی، جینایەتی جەنگی و ئەشکەنجە بەکار بێنن. بە گشتی ئەو تاوانانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو بنەمایەوە، تاوانە نێودەوڵەتیەکانن وەکوو تاوانی دژە مرۆیی، تاوانی ژینۆساید، تاوانی جەنگی، ئەشکنجە و ... و کۆمەڵێک تاوانی ڕێکخراوی دیکە کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

دەتوانین بڵێین ئامانج لەو بنەما حقووقیە پاراستنی ئاسایشی گشتیی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مرۆییە، بۆ ئەوەی پرەنسیپی «بێسزا نەمانەوەی تاوانبار» ژێرپێ نەخرێ، دادگاکان کەڵک لەو بنەمایە وەردەگرن. ئەوەی لەو بارەوە گرینگە ئەوەیە لەدایکبوونی بنەمای سەڵاحییەتی جیهانی بە ئامانجی وڵامدانەوە بە ویستێکی گشتیی نێونەتەوەیی و یان زۆربەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە بنەمایەکی ئەرکدارانە بێ نەک ئارەزوومەندانە. بەپێی بنەمای «ڕێسا فەرمان پێکراوەکان یان ئەو بنەمایانە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە هەموو لایەنەکان دەبێ پێبەندی بن و هیچ لایەنێک بۆی نییە لێی لا بدا»، دەوڵەتان لە سەریان ئەرکە بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی جێبەجێ بکەن و ئیزن نەدەن تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە سزادان قوتار بن. تەنانەت بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی لە سەر بڕوایەن پێشێل کردنی ئەو بنەمایە خۆی تاوانێکە کە دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانە نێونەتەوەییەکان و پێویستە بنەمای سەڵاحییەتی جیهانی لە سەر جێبەجێ بکرێ. بە واتایەکی دیکە هەر لایەنێک پێڕەوی لەو بنەمایە نەکا ئەوا تاوانبارە و پێویستە بە پێی هەمان بنەما مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. لە لایەکی دیکەوە بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی ڕێگا بۆ ئەو وڵاتانە خۆش دەکا ئەگەر هاتوو بە هەر هۆیەک بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە نەکەن پێویستە ڕادەستی ئەو وڵاتانەیان بکەن کە داوای

> ”لەدایک بوونی بنەمای سەڵاحییەتی جیهانی بە ئامانجی وڵامدانەوە بە ویستێکی گشتیی نێونەتەوەیی و یان زۆربەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە بنەمایەکی ئەرکدارانە بێ نەک ئارەزوومەندانە. بەپێی بنەمای «ڕێسا فەرمان پێکراوەکان یان ئەو بنەمایانە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە هەموو لایەنەکان دەبێ پێبەندی بن و هیچ لایەنێک بۆی نییە لێی لا بدا»، دەوڵەتان لە سەریان ئەرکە بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی جێبەجێ بکەن و ئیزن نەدەن تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە سزادان قوتار بن“

بەدواداچوون و دادگایی ئەو تۆمەتبارانە دەکەن.

گرینگی و دەرکەوتەی ئەو بنەمایە لەوە دایە کە پێش بە تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەگرێ تا نەتوانن بە دەربازبوون بۆ وڵاتێکی تر خۆیان لە بەرپرسیارەتی بدزنەوە. بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە ڕێژیمە سیاسییە دیکتاتۆڕ و داپڵۆسێنەرەکان دەسەڵاتدارن و تاوانی گەورە (تاوانی نێونەتەوەیی) دژی هاووڵاتیان یان دراوسێکانیان ئەنجام دەدەن و دەزگا دادوەرییەکان نایانهەوێ یان ناتوانن بەدواداچوونیان بۆ بکەن. بە دەربڕینێکی دیکە ئەو تاوانانەی کە دەبنە هۆی ئازاردانی ویژدانی مرۆیی و ڕای گشتی جیهانی ناتوانێ قەبووڵیان بکا، دەبنە بابەتی ئەو بنەما حقووقیە.

حەمید نووری، جێگری دادوەری دادگای شۆڕش تۆمەتباری ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی ساڵی ٦٧ لە وڵاتی سۆئێد پەروەندەی جینایی بۆ کراوەتەوە. ناوبراو تۆمەتبارە بەوەی لە ئەشکنجە و ئێعدامەکانی هاوینی ٦٧دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ کە بە سەر ئەو تاوانە گەورەیەدا تێپەڕیوە، بە شێوەی سیستماتیک و ڕێکخراو سەرپۆشیان لە سەر ئەو تاوانانە داناوە و تەنانەت ئامادە نین شوێنی ناشتنی تەرمەکانیان بۆ بنەماڵەی قوربانیان ئاشکرا بکەن کە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا شاردراونەتەوە، کە ئەوەش خۆی تاوانێکی نێودەوڵەتییە و دەکەونە ڕیزی ئەو تاوانەی کە وڵاتان بۆیان هەیە لە ژێر سێبەری بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی بەدواداچوونیان بۆ بکەن. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی وێڕای پێشوازی کردن لە بڕیاری دەزگای قەزایی سۆئێد، داوای وەگەڕخستنی ئەو پرۆسەیە لە لایەن وڵاتانی دیکەوە دەکا. دەزگای دادوەری سۆئێد بە پشت بەستن بە بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی و بەپێی ئەوەی ناوبراو تۆمەتبارە بە ئەشکنجە و ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی، ڕایگەیاندوە بەدواداچوونی دادوەری بۆ دەکا. بە سەرنجدان بەوەی تاوانی ئەشکنجە و ئێعدامی بەکۆمەڵ تاوانێکی نێونەتەوەییە و بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناوزەد دەکرێ، لە ڕیزی ئەو تاوانانە دایە کە ئەو بنەمای لە سەر جێبەجێ دەکرێ.

هەر چەندە تا ئێستا مشتومڕ هەیە لە سەر ئەوەی ئەو بنەمایە وڵاتان ناچار دەکا بۆ پێبەندبوونی یان وڵاتان بە ویستی خۆیان بۆیان هەیە کاری پێ بکەن یان پشتگوێی بخەن، بەڵام ئاراستەی نوێی یاسای نێودەوڵەتی بەرەو ئەوە دەڕوا کە وڵاتان ناچار بە پابەندبوون بەو بنەمایە بکا و بەو شێوەیە تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە سزای خۆیان بگەن. دادگاییەکانی نۆرێنبێرگ و تۆکیۆ کە بە دوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوە پێکهاتن بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی تاوانی جەنگی، کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی وەک ڕێگرتن لە شکنجە، بەرەوڕووبوونەوەی بە بارمتە کردن و گرینگتر لە هەموویان ئەساسنامەی پێکهێنانی دیوانی نێودەوڵەتیی جینایی و هاوکات عورفی نێودەوڵەتی (کە حوکمی یاسای نێودەوڵەتیان هەیە و پابەندی دروست دەکەن)، هەموویان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە لە کاتی ڕوودانی هەر کام لە تاوانە نێونەتەوەییەکان، دادگا نێوخۆییەکانی وڵاتان پێویستە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو تاوانبارانە بکەن کە دێنە نێو سنوورەکانیان، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی تاوانەکان لە کوێ و لە لایەن کێوە ڕوویان داوە. بە سەرنجدان بەوەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی جینایەتی جۆراوجۆریان دژی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد ئەنجام داوە کە دەچنە خانەی تاوانی نێونەتەوەیی و، لە هەمان کاتدا بێ سزا مانەوەی تاوانباران لە چوارچێوەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیدا و سەرەنجام چوونە دەرەوەی ژمارەیەک لەو تۆمەتبارانە بۆ دەرەوەی وڵات، پشتبەستن بە بنەمای سەڵاحییەتی دادوەریی جیهانی گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەو بنەمایە ڕێگە بۆ قوربانیانی ئەو تاوانانە دەکاتەوە لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان سکاڵا دژی ئەو تۆمەتبارانە تۆمار بکەن کە سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەن بۆ ئەوەی نەتوانن لە ژێر بەرپرسیارەتیی تاوانەکانیان دەربچن. هەر چەندە هیندێک لەو تاوانانەی ئەنجام دراون دەیان ساڵیان بە سەردا تێپەڕیوە بەڵام دەتوانرێ بە پشت بەستن بە بنەما یاساییەکان لە هەر کات و شوێنێکدا لە دەرەوەی ئێران و لە وڵاتێکی پێبەند بەو بنەمایە لێپرسینەوەیان لێ بکرێ.

***

# ژنان و خۆدیتنەوەیان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا



شەونم هەمزەیی



خاوەنڕایانی بواری زانستی سیاسەت لەسەر ئەو بڕوایەن کە، کۆمەڵگەی سیاسی لە چەندین گرووپی جیاواز پێک دێ کە هەرکام لەوانە ڕۆڵی تایبەت بەخۆیان لە بەشداریی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەگێڕن. بوونی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکاندا پرس و بابەتێکی گرینگی کۆمەڵگەی هەر وڵاتێکە.

ژنانی کورد پێویستە ئاگاداری گرینگیی حزووری سیاسیی خۆیان بن و لەم پێناوەدا و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بێوچان حەول بدەن و مێشکیان بە بیری سیاسی و وشیاریی ڕەگەزی پڕچەک بکەن. ژنان دەبێ لەو شوێنەی کە بڕیاریان لەسەر دەدرێ حزووری چالاکیان هەبێ و لە بڕیاردانەکاندا بەشدار بن.

بەخۆشییەوە ئەمڕۆ کە دەبینین ژنی کورد توانیویەتی وەکوو توێژێک لە کۆمەڵگە خۆی بناسێ و بە دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە، وەکوو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە بکا، هەرچەندە کولتووری چەند هەزار ساڵەی پیاوسالار لەمپەرێکی گەورەیە و، لەم نێوەدا تێپەڕ نەکردنی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی تا ڕادەیەک ژنانی کوردستانی خستۆتە پەراوێزەوە.

بزووتنەوەی ژنان وەک توێژێکی کارا، چالاک و ئەکتیڤ لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا قۆناغی جۆراو جۆریان تێپەڕ کردووە، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کار و چالاکیی ژنان چ لەنێو حیزبە کوردییەکان و چ وەکوو ڕێکخراوی سەربەخۆ لە کۆمەڵگە کاریگەریی خۆی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر بڕوانیە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین کە ڕادەی ژنانی خوێندەوار لە یەک دوو دەیەی ڕابردوو گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و، ئاستی وشیاریی کۆمەڵگە بە گشتی لەمەڕ پرسی ژن و مافی ژنان ڕوو لە گەشە بووە.

بەم مەبەستە ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە، دەبینین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان، وردە وردە هەست بە بەتاڵایی بوونی ژنان لە بواری سیاسەتدا کرا و هەر بەم بۆنەیەوە و لەسەر ویست و پێشنیاری جەنابی پێشەوا، یەکەم ڕێکخراوی فەرمیی ژنان لەم بەشە لە کوردستان لەژێر ناوی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان» بە مەبەستی بەشداریی چڕوپڕتری ژنان و هاتنە دەرەوە لە ماڵ و تێکەڵ بوون بە کاروباری سیاسی و، هاتنە نێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری، هەرچەندە بە شێوەیەکی مەحدوود دامەزرا. ئەمە یەکەمین هەوڵی جدی لەپێناو هێنان یان هاتنە مەیدانی سیاسەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

لێرەدا نامانەوێ باس لە سەرکەوتوو بوون یان نەبوونی ئەم هەنگاوە گرینگە بکەین، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە وەک میراتێکی بەرز و بەنرخ لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ماوە و بەپێی توانا و هەلومەرج لەم بوارەدا حەولی زۆر دراوە و، وەک یادگارێکی شیرین و پیرۆز لە کۆمارەوە گەیشتووەتە دەستی ئێمە لەمڕۆدا.

دەتوانین لێرەدا وەک دیارترین بەرهەمەکانی ئەم ڕەوتە ئاماژە بە ژنانێکی سەرکەوتوو و ئیلهامبەخش بکەین، کە لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتدا و لەژێر ڕەهێڵەی بۆمب و شەستیر و ئاوارەیی و شاخەوشاخ کردن توانیان بە بەهرە وەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆیانی ڕەخساندبوو، خۆیان پێ بگەیەنن و هەتا هەتایە لە بیر و مێشکی ئێمەدا زیندوو بمێننەوە. شەهیدان مامۆستا نەسرین و شەهید سۆهەیلا قادری، لە ڕیزی دوو کەسایەتیی هەرە دیاری ژنانی سەرکەوتووی گەلی کورد بوون، کە بەداخەوە جێگایان بەتاڵە و یادی فڕینیان هەمیشە سەوزە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دوو مامۆستا خۆشەویستە بە کۆچی کوتوپڕ و ناوادەی خۆیان، ئێمەیان تاسەبار کرد، بەڵام بە هەوڵ و ماندوویی چەندین ساڵەی نێو خەباتی خۆیان؛ کەسانی لێهاتوو و خاوەنبەهرەیان پێگەیاند.

ئێستا و لەدوای ئاکامی کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینین هێزێکی بەورە و سیماگەلێکی نوێتر کە لە ساڵانی دوور و نزیکدا قوتابیی ئەو مامۆستا شەهیدانە بوون؛ ڕیزەکانی خەباتی ڕەگەزی و نەتەوایەتیی حیزبی دێموکراتیان پڕ کردۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە کورد قەوارەیەکی نایەکگرتووە، هەروەها نەبوونی ناسنامەی تەواو، جوغرافیایەکی پارچە پارچە کراو بەسەر چەند وڵاتی داگیرکەر بە چەندەها داب و نەریت و سیاسەتی جیاوازەوە، کە یەکێک لە ئاڵۆزی و هۆکارە سەرەکییەکانی دنیای مۆدێرنیتەیە، ئەمانە هۆکارێکن کە کاریگەریی خراپیان لەسەر تاک تاکی کۆمەڵگە داناوە و ژنان زیاتر لە هەر تاکێک قوربانیی ئەم کێشە و گرفتانەن. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نەریت و بەرنامەی هەمیشەیی و گرینگی پێدان بە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە دەسەڵات و بڕیار داندا، هەوڵی داوە بە داڕشتن و پەسەند کردنی چەندین بڕیارنامە و گەڵاڵەنامە زیاتر مەیدان بە ژنان بدا و بەشدارییان لە کایەی سیاسیدا بە گرینگ بزانێ. لەم پێوەندییەشدا ژنان تا ڕادەیەک توانیویانە بەسەر کێشە و گرفت و لەمپەرەکاندا زاڵ بن و وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەوڵ بدەن ڕۆڵیان لە ڕیفۆرمخوازی و چاکسازیی کۆمەڵگەدا هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش ژنان کە وەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تاوەکوو ئێستا هاتووە توانیویانە خەباتی خۆیان لە دوو سەنگەری نەتەوەیی و ڕەگەزیدا درێژە پێ بدەن.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە لەژێر دروشمی (یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ، زامنی سەرکەوتنمانن) بەڕێوە چوو، تیایدا ژنان بە بەشداری کردنیان توانیان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەوشی ژنان لە کۆنگرەدا بخەنە بەر باس.

ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە کۆنگرەدا کرد، توانییان ڕاوسەرنج و بۆچوونی خۆیان بگەیەنن، لە زۆر بەرنامە و کاری کۆنگرە لە بەڕێوە بردن و باس کردن لە کێشە و گرفتەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵات و، بەشدارییان لە لێژنە و کارەکانی تری تایبەت بە کۆنگرە، دیار بن.

لە دوای کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتەوە لە بەڵگەنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی ژنان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریدا گرینگی و بایەخی تایبەتیی پێدراوە. بە کردەوەش کارهاسانی کراوە بۆ ئەوەی ژنان و لاوان بێنە نێو ڕێبەریی حیزب و لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبیدا دیار و بەشدار بن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خەبات و پێگەی دیاری ژنان لە بزووتنەوەی مافخوازیدا، بێگومان ئەوەندە حزوورەی ژنان لە ڕێبەری و پۆستەکانی حیزبدا زۆر نییە و حیزبی ئێمە ئەرکێکی زۆرتری لەو پێوەندییەدا دەکەوێتە ئەستۆ. ئێمە نابێ ئەم کەمایەسییە بەوە پاساو بدەینەوە کە ژنان لەنێو ڕیزەکانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبدا کەمترن، هەر بۆیە سروشتییە کە لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرییشدا کەمتر بن؛ بەڵکوو ئێمە دەبێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە بۆچی ژنان کەمتر لە پیاوان ڕوو دەکەنە حیزب و، دەبێ چ بکەین بۆ ئەوەی ژنان پتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆیان ببیننەوە و لە ڕەدە و ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا دیار بن؟

# کۆنگرەی ١٧ بە کاتژمێری ١٧ی خەرمانان



کەریم فەرخەپوور



ئاوێنەی باڵانوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێکافەوە دەست پێدەکا و لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبەوە پەیمانی وەفا و بەردەوامیی ئەو ڕێگە پیرۆزە نوێ دەکرێتەوە.

ئەو پەیامەی کە لە چوارچرا و سێدارەکەی کۆمارەوە لە ١٧ی خەرمانان بە خوێن نووسرایەوە، بوو بە پەیامی کۆنگرەیەک کە لە بەڵێننامەی کۆنگرەدا ڕەنگی دایەوە. ڕەنگێک وەک کۆڵکەزێڕینە و بەجوانی و تۆخیی پەیمان و وەفا.

حیزبی دێموکرات پێشەنگی کاروانێک و هەڵگری پەیامی دێموکراسی و پێبەندی یاسایەکە کە دێموکرات لەسەری دامەزراوە. سوێندەکەی ژێکاف، کۆماری کوردستان، ئاڵا و پێشمەرگە، بەرەوپێشچوون و بەرەنگاری، بیروهزری نەتەوەیی پێناسەیەکن بۆ حیزبێک کە نیزیک بە ٧٥ ساڵە خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، بەڵام ناچەمێ و چۆک دانادا.

کۆنگرە یەک لە دوای یەکەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆربەیان لە چیا و ئەشکەوت و لەژێر کەپر و خێمە و ڕەهێڵەی بۆمب و ناپاڵم و تۆپ و تەیارەی دوژمندا گیراون، نیشانەی دێموکراتبوون و باوەڕمەندیی حیزبێکە کە دوای مەرگی ڕێبەرانی نەک هەر واز لە دێموکراتبوون و باوەڕ بە یاسا و ڕێسا دێموکراتیکەکان ناهێنێ، بەڵکوو ڕێبوارانی ئەم ڕێگە پیرۆزە، بە هێز و گوڕ و ئیرادە و ئیمانەوە ئەم ڕێچەکەیە درێژە دەدەن و لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی گەل و قەول و بەڵێنێک کە بە ڕێبەران و هاوسەنگەرانی شەهیدیان داوە بەردەوام خوێن دەدەن و بە فرمێسکەکانیان واژۆنامەی تۆڵە و نەسرەوتن دەنووسنەوە.

کۆنگرەی ئەمجارەشمان کە دوای خەرمانانی سوور و لەژێر هەڕەشەی بۆمب و مووشەک و تیرۆردا بەسترا، بەڵگەیەکی بەهێزی خۆڕاگری و دێموکراتبوونە، بۆ حیزبێک کە ڕێبازەکەی بە خوێن نەخشاوە و ئەو سوارچاکانەی کە دوای گلان هەستاوەنەوە و هەر لەسەر پێ و بەپێوەن و بەرەو ئاسۆ و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن بەڕێوەن.

سوارچاکی مەیدانی خەباتی کوردایەتی، وەفادار بە سوێندە بەرزەکەی حەزرەتی پێشەوا بۆتە پێشەنگی کاروانێک کە نەوە لەدوای نەوە سوێند و پەیمانی وەفاداری لەگەڵ نوێ دەکەنەوە و چەک لە شان و قەڵەم بەدەست بەرەو بەرزایی ڕێگەی تێکۆشانی لەگەڵ دەپێون و بە ئومێد و ورەوە کچان و کوڕان و ژنان و پیاوانی ئەم گەلە بەشخوراوە شانبەشان دەبنە یار و یاوەری و بەتەنیا جێی ناهێڵن.

دێموکرات پێشەنگ و شەنگەسواری شۆڕشێکە کە هەردەم لەنێو دڵی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و کاروان کاروان پەیوەستبوونی کچان و کوڕانی کورد بەو قافلە نەپساوەیە نیشانەی خۆشەویستی، مافویستی و دێموکراتبوون و لەسەرپێ ڕاوەستان و نەوەستانیەتی. کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو جارێ بەهێز و گوڕ و بەرنامەیەکی تازەترەوە، بە کۆمەڵێ ئیدە و فکرەوە کورەی خەباتی کوردایەتی و حەقخوازانەی گەلی کوردی جۆش داوەتەوە و خوێنی تازەی کردۆتەوە نێو شادەمارەکانی شۆڕش و کۆسپەکانی تەخت کردوە و لە هەوراز و نشێوان تێپەڕیوە.

بەرداشی زەمان و چەرخی چەپگەردی گەردوون گەلێک گرد و گابەردی هاڕی و شوێنەواری لێ نەهێشتن. حیزبی دێموکرات گەرچی کەوتە بەر بەرداشی ئەو زەمان و ئەم دەورانە، گەرچی حاکمانی عەوداڵی تاج و تەخت و پیلانگێڕانی ژێر مەندیل و عەمامە و عەبا، بەخەیاڵی توانەوە و سڕینەوەی شوێنەواری ئەو حیزبە بوون، گەرچی حیزبەکەی قازی، سەرکردە و گەورەپیاو و شێرەژنی زۆری لەدەست دا، ڕێبوارانی هەزار بوونە قۆچی قوربانیی ئەم خاک و ئاوە؛ بەڵام هەموو جارێ لە ناوەندی شارێ یا لە بەرزترین لووتکەی شاخ و داوێنی چیایەکی ئەم کوردستانە، ئاڵابەدەست جاڕی کۆنگرەی نوێ و نوێبوونەوەی داوە. لەو مەیدانەدا گەلێک ڕۆڵەی زانا و ئازای ئەم نیشتمانە سەریان هاتۆتە نێو سەران و بوونە پێشەنگی کاروان و، بوونە کارزان و کاراکتەر، بوونە ڕێبەر و ڕێنیشاندەر، یا سەریان چۆتە سەر سێدارە یا لە سەنگەر ئازایانە بەرەوپیری مەرگ چوون یا ڕێبواری بەحەقی ئەو ڕێبازە پیرۆزە بوون و هەروا ئەم ڕێگەیە دەپێون، مخابن زۆریشن ئەو سوارچاکانەی جێگەیان لە کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکان خاڵی بووە.

چ لەو دەمەیدا کە لە کۆشکە زێڕینەکانەوە فەرمانی جەنگ دژبە کورد دەدرا و چ لەو کاتدا کە لە جەمارانەوە فەرمانی جیهادی دژبە کورد دەر دەکرا، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە چیا و شاخ و دەشت و دۆڵی ئەم نیشتمانەی کردبووە گۆڕستانی دوژمنان و لەگەڵ قرمژنی چەکی دەستی پێشمەرگە و بەرگریی ڕەوا، یەک لە دوای یەک کۆنگرەکانی دەگرت و سوێندی وەفاداری بە دێموکراسی و دێموکرات و دێموکراتبوونی نوێ دەکردەوە.

کۆنگرەی ١٧ی ئەو حیزبەش پەیمان و بەڵێنێک بوو کە لەگەڵ خوێنی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان نوێی کردەوە و ئەوەش ڕەمزی نەبەزین و دێموکرات بوون و ئەمەگ و وەفایە بۆ ڕێبازێک کە سیپارەکەی بە ئازایەتی و هەنیسک و فرمێسک و خوێن نووسراوە.

## ناوەندی هاوکاری: ڕێز دەگرین لە هەڵبژاردە و شێوازی گونجاوی خەباتی خەڵک بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی خۆیان



خەڵکی ئازادیخواز و عەداڵەتخوازی ئێران!

جەماوەری تێکۆشەر و خەباتکاری کوردستان!

لە سێهەمین ڕۆژی نارەزایەتییە بەربڵاو و گشتگیرەکانی جەماوەریی خەڵکی ئێران بەبۆنەی بەرزبوونەوەی نرخی بێنزین، لە نێوان خەڵک و هێزە سەرکوتکەرەکان و کاربەدەستانی ڕێژیم، تێکهەڵچوون و پێکدادان هاتە ئاراوە و بە پێی دوایین هەواڵەکان، لە ئەنجامی ئەم نارەزایەتییانە چەندین کەس لە خەڵکانی سڤیل گیانیان بەخت کردوە. هەروەها کە لە ڕاگەیاندنەکان و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێ؛

لە ڕۆژانی ٢٤و٢٥ خەزەڵوەر، لانیکەم خەڵکی ٥٢ شاری ئێران لەوانە تاران، مەشهەد، سیرجان، پولدوختەر، ئەهواز، ئابادان، خورەمشەهر، بێهبەهان، ماهشەهر، تەورێز ، شیراز، ئیسفەهان، بیرجەند، بەندەرعەباس، بووشێهر، شەهر قودس، دەماوەند، بیرجەند، بەندەرریگ، یەزد، بابول، ڕەشت، گەرمسار، نەیشابوور، چابەهار، ئەهەر، ڕوودهێن، ئیسلام شەهر، گەچساران، زاهیدان، فەردیس کەرەج، قەزوین، هەمەدان، خورەم ئاباد، قوم و بەم نارەزایەتیانە پەیوەست بوون، لەکوردستانی ئێرانیش بە نیشانەی یەکگرتوویی لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی و عەداڵەتخوازیی سەرانسەری، خەڵکی شارەکانی ئیلام، کرماشان، سنە، مەریوان، سەقز، ورمێ، جوانڕۆ، کامێران و سەرپێڵ زەهاو بە داخستنی جادە و شەقامەکان و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەربڵاو لەم جووڵانەوە و هەڵمەت و نارەزایەتیانە بەشدارییان کرد. هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە تا ئێستا لە شارەکانی مەریوان و جوانڕۆ چەند کەسێک گیانیان لەدەست داوە و کەسانی زۆر لە نارازییان بە توندی بریندار بوون و لە ئێستادا لە نەخۆشخانەکانی ئەم شارانە لەژێرچاودێری پزیشکیدان و بارودۆخی تەندروستیان ناجێگیرە.

دەرئەنجامی چوار دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بەسەر هەموو بەشەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، نیزامی و زانستی لە ئێراندا جگە لە هەژاری و چەوسانەوەی کۆمەڵگە، هیچ ئاکامێکی نەبووە. زیاتر لە چل ساڵە خەڵک ماڵ و سامانیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە بارمتە گیراوە و لەم ساڵانەدا ئەمە خەڵک بوون کە تاوانی سیاسەتی دوژمنکارانە و زیانبار و ئاژاوەگێڕانەی سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی و ناکارامەیی ڕێژیمیان داوەتەوە. نارەزایەتی خەڵک بە بەرز بوونەوەی نرخی بێنزین لەم بارودۆخە خراپەیەدا کە ژیان و حاڵی چینی مامناوەند و هەژاری کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، بە هۆی زێدەخوازی و تاڵان کردنی دارایی و سامانی خەڵک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوەیە. ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەڵام خەڵکەکەی لەدەرئەنجامی سیاسەتگەلێکی نابەجێ، هەڵەی ئابووری و تەرخان کردنی میلیاردها دۆلار دراو لەسامانی خەڵک بۆ پرۆژەگەلی ناپێویست، ئیختلاس و دزی و بەتاڵان بردنی سامانە نەتەوەییەکانی، و پشتیوانی لە گرووپ گەلی تیرۆریستی و تەرخانکردنی بڕەپارەیەکی زۆر بەم گرووپانە لەپاڵ دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی لە وڵاتانی ناوچەکە لەوەها بارودۆخێکدا ژیان بەسەر دەبەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە لەسەر هاوچارەنووسی، یەکبوون، یەکیەتی و پێویستی یەکگرتوویی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران جەخت دەکاتەوە و خۆی بە پشتیوانی ئەم نارەزایە بەرحەق و ڕەوایانە دەزانێ و ڕێز لە هەڵبژاردە و شێوازی گونجاوی خەباتی خەڵک بۆ نیشاندانی نارەزایەتی خۆیان دەگرێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:762     21 November 2019



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org     info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 11958

polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508483312

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## کۆنگرەی ١٧، کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات

# یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ زامنی سەرکەوتنمان




## حیزبی دیموکراتی کوردستان بەستێنی لێکگریدانی هەموو شێوازەکانی خەبات لە پێناوی گەیشتنی خەڵکی کوردستانە بە مافە ڕەواکانیان







## وشیاریی نەتەوەیی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵانی خەڵک گرنگترین دەسکەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەیان ساڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە









## حیزبی دێموکراتی کوردستان فێرگەی تێکۆشان و خۆبەختکردنە لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد







